Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.22

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Ranjdar azad azeez
Ranjdar.azeez@su.edu.krd

# قۆناغەکانی گەشەسەندنی چیرۆک
# لای ژنە چیرۆکنووسانی کورد و فارس

**رەنجدەر ازاد عزیز/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر ،هەرێمی کوردستان،عێراق

**هیمداد حسین بکر/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە. زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

RECEIVED :31 /07/2025
ACCEPTED :25/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**پوختە**

توێژینەوەی بەردەست توێژینەوەیەکی مێژوویی-بەراوردکارییە بەناونیشانی: "قۆناغەکانی گەشەسەندنی چیرۆک لای ژنەچیرۆکنووسانی کورد و فارس"، لەسەرەتاکانی دەرکەوتنەوە تا گەشەسەندن و پێشکەوتن. دابەشی سێ بەشکراوە، بەشی یەکەم: خۆی لەپێشەکییەک دەبینێتەوە کە سەرجەم گرنگی و ئامانج و کێشە و میتۆدی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە، بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ قۆناغەکانی سەرهەڵدانی چیرۆک لەسەردەستی ژنان لە ئەدەبی کوردیدا، کە خۆیان لە قۆناغەکانی (دەسپێک، گەشەسەندن و پێشکەوتن)دا دەبیننەوە؛ سیما و خەسڵەتی هەر قۆناغێک بەوردی دیاریکراوە و پەنجەی ئاماژە بۆ چیرۆکنووسانی هەر قۆناغێک ڕاکێشراوە. هەرچی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە بەهەمان شێوە قۆناغەکانی گەشەسەندنی چیرۆکی ژنانی فارس دیاریکراوە؛ بەسەر هەر سێ قۆناغەکانی "دەسپێک و درێژەدان و سەردەمیکی تازە"دا جیاکراوەتەوە و سیما و خەسڵەتی هەر قۆناغێک دیاریکراوە، ڕابەر و سەرترۆپکی ژنەچیرۆکنووسانی قۆناغەکانیش ئاماژەیان بۆکراوە. لەکۆی پرۆسەی توێژینەوەکەدا بەپشت بەستن بە میتۆدی مێژووی-بەرواردکاری قۆناغەکانی گەشەسەندنی چیرۆکی هەردوو ئەدەبەکە شیکراوەتەوە؛ ئەوە دەردەکەوێت کە چۆنیەتی گەشەسەندنی چیرۆک لەهەر دوو ئەدەبەکەدا بەهۆی نزیکی ناوچەیی و کلتوورییەوە هاوبەشیەکی زۆر هەیە، لەوانە دەسپێکی چیرۆکنووسی لای ژنان لەهەردوو ئەدەبەکەدا شوێنپێی پیاوانیان لەنووسیندا هەڵگرتووە و بەقۆناغی لاسایکردنەوە ناودەبرێت، لەقۆناغی دووەمدا زیاتر گەڕاون بەشوێن ناسنامەی ژنبوونەوە، قۆناغی سێیەم: قۆناغی پێشکەوتن و دەرکەوتنی ژنانەنووسییە لەهەر دوو ئەدەبەکەدا.

**وشە سەرەکییەکان:**
گەشەسەندن
چیرۆک
ژن
کورد
فارس

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەکی:

لەئەدەبی سەرەجەم میللەتانی دونیادا ژنان درەوشانەوەیەکی ئەوتۆیان بەخۆیانەوە نەدیووە، لەکاتێکدا ئەدەب بەتەواوی قۆناغە جیاجیاکانیەوە پیاوان تیایدا باڵادەست بوونە، ئەمە بۆ ئەدەبی کوردی و فارسیش ڕاستە؛ ئەگەرچی تاک و تەرا لەنیو ئەدەبیاتی کلاسیکدا ژنێک دوان شیعریان نووسیوە و لیرە و لەوێ دەرکەوتوون. بەڵام لەبواری چیرۆکنووسیدا دوای کەمێک لەدەرکەوتنی چیرۆک؛ خۆیانیان تیایدا دۆزیوەتەوە،

**1-1گرنگی توێژینەوەکە:** دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی گەشەسەندنی چیرۆک لای ژنانی کورد و فارس، خزمەتێکی باش بە ئەدەب و گێڕانەوەی ژنانە دەبەخشێت، ڕوویەکی مێژووی ئەم ئەدەبیاتە ئاشکرادەکات و تایبەتمەندی و سیمای ئەدەبیاتەکە لە قۆناغە جیاجیاکانی دەخاتەڕوو.

**1-2ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بزانێت ژنانی کورد بە بەراورد بەنووسەرانی ژنی فارس لەچیرۆکنووسیدا لەچ ئاستێک دان و تاچەند توانیویانە گەشە بەتوانای چیرۆکنووسی خۆیان بدەن.

**1-3پرسیارەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە دەپرسێت:

چیرۆکنووسانی ژن لەهەردوو ئەدەبەکەدا بەیەک قۆناغدا تیپەڕیون؟ یاخود نا؟

لەهەر قۆناغێکدا سیما و تایبەتمەندی چیرۆکەکان گۆڕانی بەخۆوە دیوە؟ یاخود نا؟

قۆناغەکانی چیرۆکنووسی هەردوو ئەدەبەکە شایەنی بەراوردکردنن؟

**1-4سنوری کاری توێژینەوەکە:** سنوری کاری توێژینەوەکە لەچارەگی دووەمی سەدەی بیستەوە دەستپێدەکات، بەوەی یەکەم چیرۆک کە بەخامەی ژن نووسرابێت لەلایەن ژنانی کورد و فارسەوە بۆ ئەم کاتە دەگەڕێتەوە تاوەکوو ساڵی 2025؛ بەمەش ماوەیەکی زەمەنی زۆرمان لەڕووی مێژووییەوە وەرگرتووە، لەپێناو دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی گەشەسەندنی چیرۆک لەهەردوو ئەدەبەکەدا.

**1-5میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی (مێژوویی-بەراوردکاری) بەستاوە، مێژووییە بەوەی کە گەڕانەوەیەکی مێژوویی بۆ قۆناغە جیاوازەکانی چیرۆکی ژنان دەکات، بەراوردکارییە بەوەی لەنیو دوو ئەدەبی جیاوازدا ئەنجام دراوە.

## 2-سەرهەڵدانی چیرۆک لای ژنان لە ئەدەبی کوردیدا:

لە مێژووی هەزار ساڵەی ئەدەبیاتی کوردیدا شیعر تا چارەگی یەکەمی سەدەی بیست بەزاڵی مایەوە، بەپێچەوانەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا هەرچی ژانری گێڕانەوەیە لە چیرۆک و ڕۆمان زۆر درەنگتر سەریهەڵدا لەگەڵ نووسینی یەکەم چیرۆکی کوردی لەلایەن (جەمیل سائیب) لەساڵی 1925. لەوێشەوە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ تا حەفتاکانی ئەم سەدەیە چیرۆکنووسانی کورد لێرە و لەوێ چیرۆکیان نووسیوە، کە هەڵبەتە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم سەردەمە ڕۆڵی گرنگیان گێراوە لە بڵاوکردنەوەی ئەم چیڕۆکانە(عارف،2011،ل14)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دەرکەوتنی یەکەم چیرۆکی کوردییەوە تا سەرەتای ساڵانی 1940 لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ هیچ چیرۆکنووسێکی ژن لە مەیدانەکەدا نابینرێت، لەگەڵ نووسینی یەکەم چیرۆکی کوردی بە خامەی خانمێکی کورد لەوێوە یەکەم قۆناغی چیرۆکی ژنانی کورد دەستپێدەکات و چەند قۆناغێکی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

### 2-1قۆناغی یەکەم: سەرەتا و دەرکەوتن(لاسایی کردنەوە):

ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ لەکۆتای سییەکان و سەرەتای چلەکاندا، کە "بۆماوەی 10 ساڵی ڕەبەق دەورێکی هەرە بایەخداری گێرا لە پەرەسەندن و خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی، چونکە هەر لەسەرەتاوە هاندانی چیرۆک و ئاوڕلێدانەوەی وەک بەرنامەییێک دانا بۆ لەڕێڕەوی کارکردنیدا"(بەرزنجی،1987:ل43)، هەر لەژمارەکانی سەرەتاوە ئاوڕێکی گەورە لە کلتور و ئەدەبیات درایەوە و لەم نێوەندەدا چیرۆکیش لاپەرەی تایبەتی بۆ تەرخانکرا بە ناونیشانی (چیرۆکی ئەم مانگە) کە لەگەڵ هەر ژمارەیەکدا چیرۆکێک یا دووان بڵاودەکرایەوە، (عەلائەدین سجادی) لەبارەی گۆڤارەکەوە دەنووسێت: "گۆڤاری گەلاوێژ لە دەساڵی تەمەنی خۆیدا (1939-1949) نەخشێکی بەرچاوی لەژیانی ڕۆشنبیری گەلەکەماندا هەبوو، بەشێوەیەکی دیار بەشداری لە گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی لای نەوەی تازە پێگەیشتووی ڕۆشنبیری کورد و ....پاراستنی کەلەپووری ئەدەبی و فیکری و موتوربەکردنی بە بیروبۆچوونی تازەی مرۆدۆستانەدا

کرد"(ساڵح،2016:ل7934)، ئەوەی جێگەی بایەخە بەشێک لەڕووناکبیرانی نێو گۆڤارەکە بوون بە پشتیوانێک بۆ کچەکانیان کە بێنە پێشەوە لەزۆر بواری جیاجیا بنووسن؛ بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بابەتی چیرۆکنووسییەوە دەکرێت ڕۆڵی (ئەمین زەکی بەگ) لەیادنەکەین، کە هاندەر و پشتیوانی (سانیحە)ی کچی بووە.

سانیحە،* بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی (شێرەژن) لە ژمارە (2ی ساڵی 1940)گۆڤارەکەدا ناوی خۆی وەکوو یەکەم ژنە چیرۆکنووسی کورد تۆمارکردووە. ئەگەرچی چیرۆکەکە لەڕووی هونەرییەوە لاوازە و کاریگەری حیکایەتی فۆلکلۆری کوردی تەواو بەسەردا زاڵە، بەڵام بۆ ئەو سەردەمە ڕێچکەشکێن بووە. بێگومان هەر لەژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا چەندین چیرۆکی دیکەش دەبینرێن کە خاوەنەکانیان لەژێر ناوی خواستراوی (کچە کورد) چیرۆکیان نووسیوە. لەوانە چیرۆکی "سکاڵای دوو مەل لە گوڵزارێکا" لەهەمان ژمارەی 2ی ساڵی یەکەمی 1940، بەهەمان شێوە لەژمارەکانی (7 و 8) گۆڤارەکە ساڵی سێیەم 1942 لاپەرە 90 بۆ 93 چیرۆکی (دەماری کورد چیت لە باردایە؟ خانزادی قڕالیچەی سۆران)ی پەروین ناوێک بڵاوکراوەتەوە، بەڵام (سەباحی غالب) لەکتێبی (ئافرەت لەچیرۆکی کوردی دا 1925–1970) لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەنووسێت: "لەدوایدا بۆمان دەرکەوت، کە پیرەمێرد ئەم چیرۆکەی بەناوی (پەروین) خانی کچەزایەوە نووسیووە، کە ژنی ڕەحمەتی مامۆستا عبدوالصمد خانەقابوو"(غالب،1979:ل137)، جگەلەمانە چیرۆکی (ساتێکی گردی سەیوان)ی (ن.س.کچەکورد) لە ژمارە 3 ساڵی چوارەم 1943 کە ناسنامەکەی ئاشکرانییە، هەمان چیرۆکنووس لە ژمارە 12ی ساڵی پێنجەم 1944 چیرۆکی (بەزەیی هەژار بە هەژاردا) بڵاودەکاتەوە. ئەم ناوە خواستراوە پێویستی بە بەدواداچوونێکی وردی مێژووی ئەدەبی هەیە بۆ ساغبوونەوەی ناسنامەی نووسەرەکە، کە دەشێت پیاوێک لەژێرناوی ژنانەوە ئەم چیرۆکەی نووسیبێت، یاخود بارودۆخی ژینگەی ئەوسای کوردستان ڕێگربووبێت لەبەردەم نووسینی ناسنامەی تەواوی نووسەرەکەی، کە ئەم ئەزموونە تاڵە لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی ژنانی ڕۆژئاوا و جیهانیشدا دەبینرێت. بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر لەڕاستیدا ئەم چیرۆکانە لەلایەن نووسەرێکی ژنەوە نووسرابن یا نا، هیچ لەم ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە (سانیحە) یەکەم نووسەری کوردە کە چیرۆکی نووسیووە.

سەرەتای ساڵانی پەنجاکان تاکۆتای قۆناغەکە لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا بەهەمان شێوەی ساڵانی چل ژنانیچیرۆکنووس ژمارەیان لەپەنجەی دەستان تێپەرناکات، بگرە زیاتر ڕوو لەکزی دەبێت، ئەمەش لەلایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ داخستنی گۆڤاری گەلاوێژ لەساڵی 1949 و خراپی بارودۆخی سیاسی و سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرەملێ لەلایەن دەسەڵاتەوە کە نارەزایی و خۆپیشاندانی سەرتاسەری وڵاتی بەدوای خۆیداهێنا، لە لایەکی دیکەشەوە دواکەوتوویی و خراپی باروگوزەرانی خەڵک و نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان دەردێکی هێندە کوشندەبوون کە ببوون بە بەربەست لەبەردەم نووسەرانی قۆناغە کە نەپرژێنە سەر کاری نووسین(بەرزنجی،1978:ل74) ئەمە ئەگەر بۆ نووسەرانی پیاو بەمجۆرە بووبێت گومانی تێدانییە بۆ نووسەرانی ژن سەختتربووە، ئەگەرچی لەم ماوەیەدا چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە لە برەودابوون وەک (هیوا، شەفەق، ژین ..) کە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لەبڵاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی؛ بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو چیرۆکانەی لەلایەن ژنانەوە نووسراون زۆر کەمن.

بەمەش لەسەرەتای پەنجاکانەوە تاکۆتایی شەستەکان تەنیا سێ چیرۆک لەلایەن نووسەری ژنەوە نووسراوە.

دۆخی نالەباری ژنانی کورد لەساڵانی پەنجاکان و شەست دەکرێت لە چیرۆکی ئەو پیاوانەدا بەدی بکەین کە لەم ماوەیەدا چیرۆکیان نووسیوە، بەوەی بەشێکی پەیام و ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان لەسەر پرسی ژنانی کۆمەڵگەکەیان بووە لە وێنەی چەوسانەوە، بەزۆر بەشوودان و زوڵم و ستەم و .... کە بەڕوونی لە چیرۆکەکانی (خانزاد)ی (جەمال بابان)، (بریا نەهاتیتایەوە)ی (مستەفا ساڵح کەریم)، (ئەنجامی کچ فرۆشی)ی (ڕەئوف بیگەرد) و (بەسەرهاتی کنێر)ی (کاکەمەم بۆتانی)، هەروەها (ژنهێنانی بە زۆرەملێ) و چەندین چیرۆکی دیکە(بەرزنجی،1987:ل84–90) هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر بارودۆخی سەختی ژنانی کورد لە قۆناغەکەدا، بۆیە بەتەواوی قۆناغەکە لە مێژووی چیرۆکی ژنانی کورد لەسەرەتای چلەوە تا کۆتای شەست تەنها هەشت چیرۆک بڵاوکراوەتەوە کە بەشێکیان ناسنامەیان ئاشکرانەکراوە.

## گرنگترین سیماکانی قۆناغەکە:

---

*سانیحە کچی ئەمین زەکی بەگی مێژوونووسە، هەر لەمنداڵییەوەو بە حوکمی پشتیوانی باوکی، بواری هەبووە فێری ئەسپسواری ببێت و لەچک و عەبا بەکار نەهێنێت، ئەمە نەخشی بەرچاوی لە پێکهێنانی کەسێتیەکەیدا هەبووە و وای لێکردووە لە زووەوە باوەڕی بە هاوسانیی نێر و مێ هەبێ و ئەوە بە بناغەی کۆمەڵێکی دروستی شارستانی دابنێت.

1-لەم قۆناغەدا ژنەچیرۆکنوسانی کورد لەگشت چیرۆکەکاندا شوێن پێی نووسینی پیاوانی قۆناغەکەیان هەڵگرتووە، هیچ تایبەتمەندییەکی ژنانە لەچیرۆکەکانیاندا نابینرێت و لەڕووی هونەرییەوە لاواز، لەڕووی بابەتی ژنانەوە هەژار، ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەگەزی مێینە بەگشتی تاساڵانی حەفتاکان هیچ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی...هتد نەبووە، ئەم دابڕانەی وای لێکردووە لە نووسین و گوزارشتی زمانییدا لاسایی پیاوان بکەنەوە و نەتوانن خۆیانبن.

2-شاردنەوەی ناسنامە و کەسایەتی نووسەرەکان سیمایەکی دیاری ئەم قۆناغەیە، کە ئەمەش خۆی لەم بارە چەقبەستووە دەبینێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردەواری تێی کەوتبوو، ژنانی نووسەر هەوڵیانداوە لەم ڕێگەیەوە خۆی لەسەرزەنشتکردنی کۆمەڵگەکەی بپارێزێت. کە ئەمەش لەئەدەبی گشت نەتەوەکانی جیهاندا دەبینرێت و شتێکی تازەنییە، تەنانەت لەکۆی هەشت چیرۆکی قۆناغەکە پێنجیان لەژێر ناوی خواستروی کچەکوردەوە نووسراون.

**2-2قۆناغی گەشەسەندن:1969-1990(گەڕان بەدوای ناسنامە):**

ئەوەی ئەم قۆناغە لەقۆناغی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە، لێرەوە ژنە چیرۆکنووسانی کورد وەک دەسپێکێکی تازە و بەردەوام دەست دەدەنە چیرۆکنووسی، لای بەشێکیان وەک پیشە چاوی لێدەکرێت. سەرەتا و دەسپێکی ئەم قۆناغە لەساڵی 1969 بەسێ چیرۆکی (حەسیبە ئەحمەد) بە ناونیشانەکانی (سێبەری مەرگ- ژ12 ساڵی1 گ.سلێمانی)، (تروسکەی هیوا- ژ2 ساڵی2 گ.سلێمانی)، (خانمە غەمبارەکە-ژ10 گ.ڕزگاری). دوای ئەو لەساڵی 1970 دا سێ چیرۆکنووس یەکەمین چیرۆکی خۆیان بڵاودەکەنەوە، لەوانە (شلێر) ناوێک چیرۆکێک بە ناونیشانی (لەگێژاوی ونبوونا- ژ36 ڕۆژنامەی هاوکاری) بڵاودەکاتەوە، خاتوو میهرەبانیش لەم ساڵەدا چیرۆکی (ماستفرۆش-ژ5ی ساڵی 1گ.برایەتی) بڵاودەکاتەوە. هەروەها (د.کوردستان موکریانی) چیرۆکی (شەمولە-ژ46 ڕۆژنامەی هاوکاری) بڵاودەکاتەوە(نەریمان،1985: ل153). بەمەش سەرەتای قۆناغەکە بە سستی دەستی پێکردووە تاساڵی 1973 لەوێ بەدواوە ساڵ دوای ساڵ ژمارەی چیرۆکە بڵاوکراوەکان زیاددەکەن.

لەساڵی 1973 لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین چیرۆکی ژنەچیرۆکنووس (ئەحلام مەنسوڕ) بەناونیشانی (لە گەرداوی خۆونکردندا- ژ10ی ڕۆژنامەی هاوکاری) تاساڵی 1978 ژمارەی چیرۆکە بڵاوکراوەکان خۆیان لە 31 چیرۆک دەدەن، کە لەلایەن 12 ژنەچیرۆکنووسەوە نووسراون، کە گرنگترینیان (ئەحلام مەنسووڕ، شیرین کەمال، حەسیبە ئەحمەد و عالیە عەبدولکەریم)ن، بێگومان گۆڤار و ڕۆژنامەکانی قۆناغەکە ئەرکی بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکانەیان لەخۆگرتووە. گرنگترینیان گۆڤارەکانی: (سلێمانی، برایەتی، ڕزگاری، ڕۆژی کوردستان، ڕۆشنبیری نوێ و بەیان، لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوکاری) بوون.

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە هەر لەسەرەتای قۆناغەکەوە یارمەتیدەربوون لەبەردەم دەرکەوتنی ئەم ژنە چیرۆکنووسانە، دەکرێت لە چەند خاڵێک کورتبکەینەوە، لەوانە:

1-ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان: ڕۆڵی گرنگیان دەگێڕا لە بڵاوکردنەوە و پێشخستنی لایەنی کلتووری و هونەری و ئەدەبی، چیرۆکیش وەک ژانرێکی ئەدەبی لەزۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم سەردەمەدا گۆشە و لاپەڕی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە. بەجۆرێک ڕۆژنامەی هاوکاری کە یەکەم ژمارەی لەساڵی1970 دا دەرچوو تا سەرەتای هەشتاکان 20 چیرۆکی ژنە چیرۆکنووسانی کوردی تیادا بڵاوکراوەتەوە، لەدوای ئەویشەوە هەر یەکە لەگۆڤارەکانی ڕۆشنبیری نوێ و بەیان بەم ئەرکە هەڵساون، دوای ئەوانیش گۆڤاری کاروان درێژەی بەم خەباتەداوە.

2-کردنەوەی بەشی کوردی زانکۆی بەغدا و سلێمانی: کردنەوەی بەشی کوردی لە (کۆلێژی ئیبن ڕوشد) لە زانکۆی بەغدا دەرفەتێکی زێڕین بوو لەبەردەم خوێندکارانی کورد تا درێژە بەخوێندن بدەن، لەلایەکی دیکەشەوە وێستگەیەکی تازەبوو لەبەردەم بەشێکی نووسەران بۆ ئاشنابوون بە بنەماکانی ئەدەب و هونەرەکانی چیرۆکنووسی لەوانە (شیرین کەمال، ئەحلام مەنسووڕ، کوردستان موکریانی و عالیە عبدولکەریم ..." ئەزموونی چیرۆکنووسیان لەوێوە دەست پێدەکات. سەرەڕای ئەمەش بە هۆکاری تەواوکردنی خوێندنەکەیان بەشێکی ژیانیان لەبەغدا بەسەربردووە کە ئەمەش بۆخۆی چاوکرانەوەیەکی باش بووە بۆیان، کە هەم ئاشنابوون بە کلتوور و ڕۆشنبیری عەرەبی، چونکە لەو سەردەمەدا بەغدا وەک ناوەندێکی ڕۆشنبیری و لانکەی نوێگەرییەکان بووە لەگشت سەردەمەکان، ژنەچیرۆکنووسانی کوردیش لە بەغدا کەوتوونەتە ژێر ئەم کاریگەرییە، ئەم تازەگەرییانە کاری تێکردوون.

3-خاڵێکی دیکە ئەو ژینگە و بارودۆخەبووە، کە ژنە نووسەران تیایدابوون، لەوانە یاخیبوونی ئەحلام مەنسوور لەخێزان و بنەماڵەکەی، هەروەها بڕیاردانی ژیانی تەنیایی لەشاری بەغدا و پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ (شەوقی کەریم)ی

چیرۆکنووسی بەناوبانگی عێراقی (محەمەد،2021:ئەنترنت)، ئەمە بۆ شیرین کەمالیش هەر ڕاستە کە خێزانی شاعیر و چیرۆکنووس (دلشاد مەریوانی)بوو کە چەندین چیرۆکی لەساڵانی حەفتا و هەشتاکان بڵاوکردۆتەوە کە پشتیوانێکی باشبووە بۆ شیرین کەمالی هاوسەری. جگەلە مانەش هەریەکە لە (عالیە عەبدولکەریم و کوردستان موکریانی) کە کچی دوو گەورە نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کوردن، ئەوانیش (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس - گیوی موکریانی)ین.
4-بەیاننامەی ئازاری 1970 لەنێوان عێراق و کوردستان، لەبارەی دەستەبەرکردنی مافی ئەتۆنۆمی بۆ کورد و مافی خوێندن و خوێندەواری بە زمانی شیرینی کوردی، ئەمەش دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ ژنانی کورد تابێنە پێشەوە و پەرە بەخوێندن بدەن، بەزمانی دایکیان بابەتی ئەدەبی بنووسن و کێشە و پرسی ژنانەی خۆیان لە چیرۆکەکانیاندا گەڵاڵەبکەن.
لەساڵی 1978 بەدواوە چیرۆکی ژنە چیرۆکنووسانی کورد بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆچیرۆکی (پێش ئەوەی تاریک دابێ) لەنووسینی (شیرین کەمال) هەنگاوێکی باش دەچێتە پێشەوە، کە نووسەر 16 چیرۆکی کورت لە 56 لاپەڕدا بڵاودەکاتەوە، بەڵام لەڕاستیدا بەشێکی چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکە بۆ بەر لەو ساڵە دەگەڕێتەوە کە لەنێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کات بڵاوکراونەتەوە(کەمال،1978:ل1-56) چیرۆکنووس لە بەشێکی چیرۆکەکاندا بەشوێن ناسنامە و بەدەستخستنی مافە سەرەتاییەکانی مێینەیە و خستنەڕووی ئازار و نەهامەتییەکانی ئەوانە، لەنێو کۆمەڵگەی کوردی سەردەمەکەی.
ئەوەی کە لەم قۆناغەدا جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەوەیە هەر لەسەرەتاکانی دەرکەوتنی نووسینی چیرۆک لەلایەن ژنانەوە تاکۆتایی حەفتاکان گشت چیرۆکەکان بەزاری کرمانجی ناوەڕاست نووسراون. لەساڵی 1979 بۆ یەکەمین جار ژنە چیرۆکنووسی بادینان (چیمەن ئامێدی) لە (ژمارە 465ی ڕۆژنامەی هاوکاری) یەکەم چیرۆکی خۆی و ژنانی بادینان بە ناونیشانی (ڕێڤینگە کێ ب هیڤی و بێ خودان) بڵاودەکاتەوە(صالح،2010: ل72). لەدوای ئەویشەوە (سەرفراز نەقشبەندی) وەک چیرۆکنووسێکی ژنی دیاری بادینان لەساڵانی هەشتاکان دەردەکەوێت، چوار چیرۆک لە ڕۆژنامەی هاوکاری بە ناونیشانەکانی (ئەز و کوڕ و دار، چالیا نێرگزا، هیڤییە ڤالا و پڕو ڤالا) بڵاودەکاتەوە، جگەلەمانە سێ چیرۆکیش لە گۆڤاری کاروان بە ناونیشانەکانی "کا بابۆ؟، دل سێبەرین دلانن، ما من چەند بنەفش هەنە!!" (حاجی،2023:ل1171) بڵاودەکاتەوە. لەم قۆناغەدا ژنەچیرۆکنووسانی کورد چ لە ناوچەکانی سۆران و سلێمانی، چ لە بادینان تا سەرەتای هەشتاکان گەشەیەکی باش بەخۆوە دەبینێت، بەتایبەت لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆچیرۆکی (پرد)ی ژنە چیرۆکنووس (ئەحلام مەنسوور) لەساڵی 1981دا، کە لەدوای کۆچیرۆکی (پێش ئەوەی تاریک دابێ) دەبێت بە دووەم کۆچیرۆک کە لەلایەن ژنانەوە نووسرابێت. ئەم کۆچیرۆکە 18 چیرۆکی کورتی لەخۆگرتووە تیایدا نووسەر وەک ژنێکی یاخی لەسستمی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی دەردەکەوێت و هەوڵیداوە ئەو پرسانە بوروژێنێت، کە خۆی و ژنانی سەردەمەکەی بەدەستیەوە ناڵاندوویانە، ئەو لە چیرۆکەکانیدا هەوڵدەدات ژنان و کچانی نیشتمانەکەی چاوکراوە و بوێر و ئازابن و سڵنەکەنەوە، دژی ئەوەبووە کە ژنان ملکەچ و چەوساوە و ئامرازی دەستی خۆشگوزەرانی چێژی پیاوبن، ئەمانە بەزەقی لەچیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.
تا سەرەتاکانی هەشتا چیرۆکی ژنانی کورد بەردەوامی باشی بەخۆوە دەبینێت، لەوێ بەدواوە بەهۆی بارگرژییەکانی شەڕی ئێراق و ئێران پێدەنێتە سەردەمێکی تاریک، بەجۆرێک لەچاو ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان ڕوو لەکزی دەکات، چونکە "ساڵێن هەشتییان ساڵێن پڕی ڕوودانن و نەمازە ڕوودانێن سیاسی، چ ل سەر ئاستی عیراقێ و چ ل سەر ئاستێ کوردستانێ و ڕوودان گەلەک ب لەز دچوون.... شەری عیراق – ئێران – پێشڤەچوونا لەشکەرێ ئێرانی ب ناڤ ئاخا عێراقێ دا، پێشڤەچوونا خەباتا چەکداری ل کوردستانێ و ..."(صالح،2010:ل79) کە دواجار لە کۆتای هەشتاکان کۆمەڵێک ڕووداوی کارەساتباریان بەدوای خۆیاندا هێنا، لەوانە "ئەنفال، کیمیاباران، ڕاگواستن ...) ئەمەش بارێکی نائارام و ناهەمواری لەبەردەم نووسەرانی کورد بەگشتی دروستکرد، ژنە چیرۆکنووسانیشی لێی بێبەری نەبووە.

**گرنگترین سیماکانی ئەم قۆناغە خۆیان لەمانەی خوارەوە دەبیننەوە، لەوانە:**

1-ئەگەر ژمارەی ژنە چیرۆکنووسانی قۆناغی پێشتر بە پەنجەی دەستان ژمێردرابن، ئەوا لەم قۆناغەدا خۆیان زیاتر لە 20 ژنەچیرۆکنووس دەبیننەوە، کە زیاتر لە 60 چیرۆکیان نووسیوە، بەم هەنگاوەیان گیانێکی تازەیان بە بەر چیرۆکی ژنانی کورددا کردووە، کە تائێستاش بەردەوامی هەیە.
2-لەم قۆناغەدا یەکەمین چیرۆک لەشێوەی نامیلکە و کۆمەڵە چیرۆک لە چاپدرا، لەوانە (شیرین کەمال) لەساڵی 1978 کۆمەڵە چیرۆکی (پێش ئەوەی تاریک دابێ) لە 16 چیرۆکدا بڵاودەکاتەوە، هەروەها (ئەحلام مەنسوور)یش لەساڵی 1981 کۆمەڵە چیرۆکی (پرد) لە 18 چیرۆکدا بڵاودەکاتەوە.

3-لەڕووی هونەری و تەکنیکی نووسینی چیرۆک هەنگاوی باشتر دەنرێت، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بەشێکی چیرۆکنووسان خۆیان دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بەغدا و سلێمانی بوون، کە شارەزاییان لە بارەی ئەدەب و هونەرەکانی ئەدەب و بنیاتی داڕشتنی چیرۆک هەبوو.

4-لەڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەگەر پێشتر چیرۆکنووسانی پیاو بابەتی خەم و ئازار و پرسەکانی ژنانیان بە چیرۆکەکانیان ورووژاندبێت، ئەوا لەم قۆناغەدا ژنانی کورد خۆیان لەڕێگەی زمانی چیرۆکەکانیانەوە دەکەونە شوێن ناسنامە و داواکردنی ئەو مافانەی کە کۆمەڵگە لێی زەوتکردوون، بۆیە لەم قۆناغەشدا نووسەران زیادەیەکی ئەوتۆ ناخەنە سەر چیرۆکی ژنانە، بەڵکو هەمان درێژە پێدەری ئەو ناوەڕۆک و بابەتانەیە، کە چیرۆکنووسانی پیاو لەساڵانی پەنجا و شەستەکان بۆ پرسی ژنان دەیاننووسین.*

## 3-2قۆناغی پێشکەوتن:1990 بەدواوە: (ژنانەنووسی)

کۆتایی هەشتاکان ساڵانێکی پڕ لە نەهامەتی و کارەسات بوو بۆ میللەتی کورد لە باشوور، هەر لە ڕووداوی شەڕی ئێراق و ئێران و جینۆسایدی کورد لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕووداوی یەک دوای یەک، کە دواجار لەساڵی 1991 ڕاپەڕینی گەلی کوردی لەسەرجەم چین و توێژەکان بەدواداهات، ئەمەش بووە هەوێنی پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 1992 ئەم ئەزموونە تازە ڕێگەخۆشکەربوو لەبەردەم ژنان تا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لەم حکومەتە تازەیەدا و بکرێنەوە بە ڕووی جیهانی دەرەوەی خێزان، بۆیە هەر زوو بەشدارییەکی کارایان کرد. لەوانە بەشداریکردنیان لە کایەیی سیاسی و حیزبایەتی، بوونیان لە ناوەندی تەشریعیدا (پەرلەمان)، ڕۆڵیان لە ناوەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا (حکومەت)، بوونیان لەناوەندی دەسەڵاتی دادوەری(عەبدوڵڵا،2017:ل7). ئەم بەشداریکردنە بەرچاوەی ژنان دەرفەتی زیاتری ڕەخساند لەبەردەم ژنانی کوردستان بەتایبەت نووسەران و قەڵەمبەدەستان تا لەبواری ئەدەبیدا بێنەپێشەوە، لەم قۆناغەدا ژنەچیرۆکنووسان خۆیان لەسێ دەستەدا دەبیننەوە.

**دەستەی یەکەم:** لەسەرەتای نەوەدەکان بەهۆی بارگرژی و ئاڵۆزییەکان و ترسی دووبارەبوونەوەی لەشکرکێشییەکانی حکومەتی بەعس، ڕەوتی چیرۆکی ژنان سستی بەخۆوە دەبینێ و لەپاڵ دەستەیەک لەچیرۆکنووسی تازە هەمان ئەو ژنە چیرۆکنووسانەش لەمەیدانەکەدا دەبینرێن کە لەساڵانی حەفتا و هەشتا کاندا ڕۆڵیان دەگێڕا، بەهەمان شێوەی ساڵانی پێشتر لەنێو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی نەوەدەکان چیرۆکیان بڵاودەکردەوە، بەتایبەت (شیرین کەمال و ئەحلام مەنسوور)، بەجۆرێک ئەحلام تا کۆتاییەکانی تەمەنی (2013) بەردەوامبوو لەنووسینی چیرۆک و بڵاوکردنەوەی وتار و خزمەتکردنی بواری ژنان، هەروەها شیرینیش دوای بڵاوکردنەوەی یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی لەساڵی 1978، دواجار لەساڵی 2017 دووەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی (حیکایەتەکانی بەفر) لە 27 چیرۆکدا بڵاودەکاتەوە. ئەمان لەهەر دوو قۆناغی دووەم و سێیەمی چیرۆکی ژنانی کورد درەوشاونەتەوە.

**دەستەی دووەم:** بارودۆخی ساڵانی نەوەد بەو ڕووداوانەی بەخۆیەوەبینی دەرفەتێکی زێرینی لەبەردەم دەرکەوتنی پۆلێکی تازە لە ژنە چیرۆکنووسانی کورد ڕەخساند، سەردەستەی ئەم چیرۆکنووسانەش (نەجیبە ئەحمەد)ـە، ئەگەرچی سەرەتای نەوەدەکان بارگرژییەکانی کوردستان کۆسپێکی گەورەبوون لەبەردەم ژنانی چیرۆکنووس، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیادنەچێت کە بەشێکی چیرۆکنووسانی ژنی ئەم قۆناغە لە تاراوگە ژیانیان بەسەردەبرد (نەجیبە ئەحمەد) یەکێک بوو لەوان ، کە یەکەم چیرۆکی ئەم قۆناغەی لەساڵی 1990 بەناونیشانی (نۆما) لەگۆڤاری (مامۆستای کورد- ژ10) لە سوید بڵاودەکاتەوە، لەدوای ئەویش (مهاباد قەرەداغی) لەهەمان گۆڤاردا- ژ20 لەساڵی 1993 چیرۆکی (کچێکی وەنەوشەیی) بڵاودەکاتەوە، هەر لەم ساڵەدا (چۆمان هەردی) لە گۆڤاری دیدار- ژ6 لە سوید چیرۆکی (هەوارگەی دڵم) بڵاودەکاتەوە.

دەبینین لەسەرەتاکانی قۆناغەکە چیرۆکنووسانی ژنی کورد لەبواری چیرۆکنووسیدا گروتینێکی ئەوتۆ بەخۆوە نابینن، تا ساڵی 1994 هیچ کۆ بەرهەمێکی چیرۆک لەئارادانییە، لەوێ بەدواوە (نەجیبە ئەحمەد) وەک یەکەم چیرۆکنووسی قۆناغەکە یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بەناونیشانی (ڕاسان) لەم ساڵەدا بڵاودەکاتەوە، پاشان لەساڵی 1998 کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکە بەناونیشانی (پەپولەکانی مەرگ) بڵاودەکاتەوە، لەهەمان ساڵدا (کازیوە ساڵح) ژنە نووسەر و ڕووناکبیری بواری ژنان بە بڵاوکردنەوەی یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی (حیکمەتەکانی بە قەرەج بوونم-11 چیرۆک) دێتە ڕێزی

* بگەڕێوە بۆ کۆمەڵە چیرۆکی (پێش ئەوەی تاریك دابێ- شیرین کەمال)، (پرد- ئەحلام مەنسوور) و چیرۆکی ژنانی کورد لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان.

ژنەچیرۆکنووسانی قۆناغەکە. جگەلەمانە (کەتان خادمی)یش لەم دەستەیە هەژماربکەین کە لەساڵانی نەوەدەکات چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکی (بوخچەکەی دایکم) دەنووسێت و دواتر لەساڵانی 2018 کۆیان دەکاتەوە و لەچاپیان دەدات.

لەم قۆناغەدا ژنە چیرۆکنووسانی بادینانیش لەنێو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا ڕەنگدانەوەیان هەبووە، لەوانە (دایکا دالیایی) لەساڵانی (1998 تا 2000) پتر لە 6 چیرۆکی خۆی لە گۆڤاری پەیڤ بڵاودەکاتەوە، لەگەڵ ئەویشدا (تریفە دۆسکی) لە گۆڤاری (گازێ و برایەتی)دا سێ چیرۆکی خۆی بڵاودەکاتەوە، "هەر دڤێ قۆناغێدا ژمارەیەکا دی یان نڤیسەرێن ژن یێن چیرۆکنڤیس، لێ ب تنێ ئێک یا دوو تێکست هەین پەیدابوون، وەکو بۆ نموونە: هودا ئەحمەد، نەفیسە ئیسماعیل، ئاسیا ساڵح، ئەلمان ئەکرەم، بەفرین خورشید، ..."(حاجی،2023:ل1171). بەمەش چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە بەم هەوڵەیان چیرۆکی ژنانی کورد هەنگاوێکی باش دەبەنە پێشەوە؛ دەبنە ڕێگەخۆشکەر بۆ چیرۆکنووسانی لاوی ساڵانی 2000 بەدواوە، ئیتر لەوێوە پۆلێکی بێ شومار لە ژنانی چیرۆکنووس دەردەکەون، وەک چیرۆکنووسانی دەستەی سێیەم چاویان لێدەکرێت.

**دەستەی سێیەم:** ساڵانی 2000بەدواوە دەکرێت وەک لووتکەی و پێشکەوتنی چیرۆکی ژنانەی کورد سەیربکرێت، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک ژنە نووسەری لاو و ئازاو بوێر، بەیەکەوە لەگەڵ دەستەی دووەمی چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە ژنانەنووسی بەتەواوەتی لەنووسینی چیرۆکی ژنانی کوردیدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، نووسەران هەوڵیانداوە بە زمانێکی نەرم و ناسکی ژنانە پرسی ژنانەی خۆیان و نیشتمانەکەیان بەیانبکەن.

سەردەستەی ئەم قۆناغە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستپێدەکات، بەبڵاوبوونەوەی چیرۆکی درێژی (زیندەبەگۆڕ)ی (مریەم قازی) لەساڵی 2000 کە نووسەر لەم چیرۆکەدا جینۆساید و کارەساتی مەرگباری ئەنفال و کیمیاباران و دەربەدەری گەلەکەی دەخاتە بەرباس کە تیایدا هەستی قوڵی نیشتمانپەروەری خۆی لەقوڵایی هەستی ژنبوونیەوە بەیاندەکات. هەر لەڕۆژهەڵاتەوە لەساڵی 2003دا ژنە چیرۆکنووسێک پێدەنێتە مەیدانەکە ئەویش (زێنەب یوسفی)یە بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی ناو کۆمەڵە چیرۆکی (شەدەی سەرگەردان و ئەیر و ئەڤین و ئەژدیها) کە 6 چیرۆکی کورت لەخۆدەگرێت. جارێکی دیکە (کازیوە ساڵح) لەساڵی 2004 دەردەکەوێتەوە بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (نامەکان بەر لەمردن ناخوێندرێنەوە-10چیرۆک)، هەر لەم ساڵەدا (مهاباد قەرەداغی) بە کۆمەڵە چیرۆکی (مەرگی مرۆڤ و نیوێک) یەک کۆبەرهەمی خۆی دێتەوە دونیایی چیرۆکنووسی. لەساڵی 2005دا هەریەکە لە (نەجیبە ئەحمەد) کرمەڵە چیرۆکی (حەشری گوڵە هەرمێ) لە 12 چیرۆکدا بڵاودەکاتەوە و (ژوان ئاوارە)ش کۆمەڵە چیرۆکی (کۆتا وەسیەتی بکوژێک) بڵاودەکاتەوە. دواتر چیرۆکنووسی لاو (باران) لەساڵی 2006 کۆچیرۆکی (نامەیەک بۆ بەهەشت) وەک یەکەم کۆچیرۆکی خۆی بڵاودەکاتەوە، (چنوور سەعیدی)یش (هەناسەی پێخەفە داخراوە ئەبەدییەکان) لە 14 چیرکدا بڵاودەکاتەوە.

ئەم گوڕوتینە لەنێو ژنانی چیرۆکنووسدا بەردەوامی بەخۆوە دەبینێت، بەجۆرێک هەر چیرۆکنووسە لەخەمی بڵاوکردنەوەی دووەم کۆچیرۆک و چیرۆکی دیکەوە دەبن، تائەوەی لەساڵی 2008 (زێنەب یووسفی) بەبڵاوکردنەوەی دووەم کۆچیرۆکی خۆی بەناونیشانی (لەبازنەی تەقەدووسدا) چیرۆکی ژنانی کورد زیاتر بەرەو پێشەوە دەبات. هەر لەڕۆژهەڵاتەوە جارێکی دیکە (مریەمی قازی) کچی بچووکی پێشەوا (قازی محەمەد) یەکەم کۆچیرۆکی خۆی بەناونیشانی (هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە) گیانێکی تازە بەبەر چیرۆکی ژنانی کوردی ڕۆژهەڵاتدا دەکات. لەوێ بەدواوە چەندین چیرۆکنووسی دیکە بە بڵاوکردنەوەی کۆچیرۆکەکانیان گەشە بەبەر چیرۆکی ژنانەی کوردیدا دەکەن، لە دیارترینیان:

نەجیبە ئەبوبەکر (هەڵپڕۆکانی پەرەی گوڵێک-7کورتە چیرۆک 2009)، کەتان خادمی (بوخچەکەی دایکم-2018)، شیرین تاهیر (ئاهەنگی نیو کات ژمێر)، ڤیدا قادری (ئاشقەکەی من ژنی هەبوو)، خەدیجە جاوید (زیگوراتی گۆرانیەکانی ئەستیرە)، زێنەب یوسفی (سنە لەشوقەی 89دا)، چنوور سەعیدی (تەنیا خەمی گوڵە مێخەکەکانمە-17چیرۆک 2012)، مهاباد قەرەداغی (لەتێ پیاو)، کازیوە ساڵح(دەزگیرانە قورینەکەم-28چیرۆک 2012)، باران (ڕۆژێکی تۆزاوی-2012)، پەری کەریمی نیا (قاوەکان خراپ سەفەر دەکەن)، (قەست و نییەتمە هەنارێک بسمیل بکەم) و (کێ لەمن و ڤێرجینیا وۆڵف دەترسێ)، شەپۆل مەجید پوور (ئەو نامانەی هەرگیز نەخوێندرانەوە)، لەدوای 2020 بەدواوە کۆمەڵێک نووسەری دیکە کۆمەڵەچیرۆکیان بڵاوکردۆتەوە لەوانە جارێکی دیکە چنوور سەعیدی کۆمەڵەچیرۆکی(ورچێک لە ئاپارتماندا 13 چیرۆک-2023) بڵاودەکاتەوە، هەر لەگەڵ ئەواندا کۆمەڵێک نووسەری دیکە پێدەنێنە مەیدانەکەوە، لەوانە: سارا سادق زادە، سەحەر ڕەسایی، شادیە کاکەسوور، شەرمین ساڵحی، شەهلا فەیزوڵا و چەندانی دیکەش لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاوداوە.

هۆکارەکانی بەردەم گەشەسەندن و پێشکەوتنی چیرۆکی ژنانی کورد لەسالآنی نەوەد بەدواوە، بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

1-ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی 1991 و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 1992 کە ژنان بەشداری کارایان تێداهەبوو، جگەلەمەش بەربەست و ڕێگرەکانی بەردەم خوێندنی ژنان لەبەین بران، ژنان و کچانی کورد بەلێشاو ڕوویان لە خوێندنکرد و خوێندەواری برەوی زیاتری پێدرا، ئەمەش گەشەی بە چیرۆکی ژنانی ئەم قۆناغەدا.

2-ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم قۆناغە ڕێگەخۆشکەربوون بەتایبەت لەسەرەتاکانی قۆناغەکەدا، لەوانە (مامۆستای کورد، دیدار، کاروان، ڕامان، ..)جگەلەمانەش بەشێکی چیرۆکنووسان خۆیان سەرنووسەر و دامەزرێنەر، بەشێکیشیان وەک ئەندام و دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارانە بەشداریان کردووە. سەرەڕای بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و چیرۆک و شیعر. لەوانە کازیوە ساڵح لەساڵی 1998 یەکەم ژمارەی (گۆڤاری نڤار) دەخاتە بەردیدی خوێنەران و (گۆڤاری نوێکار)یش لەساڵی 2000 دەردەکات. یاخود ڕۆڵی (گۆڤاری چیرۆکەڵە) لەم سالآنەی دوایدا کە تایبەتە بە چیرۆک و بەس، کە دەرگای والآکردووە لەبەردەم کچان و ژنانی ڕۆژهەلآت تا چیرۆکەکانیان لەوێدا بڵاوبکەنەوە و کارئاسانیان بۆدەکات.

3-ڕێکخراوەکانی ژنان و رووناکبیری ژنان لە کوردستان، ئەم ڕێکخراوانە کەسانێکی زۆریان لەڕەگەزی مێینە لەخۆیاندا کۆکردەوە و کەوتنە دروستکردنی کۆمەڵ و گروپی جیاجیا بۆ یەکخستنی دەنگ و ڕەنگی ژنانی کوردستان و پارێزگاریکردن لەمافەکانیان. بەشێکی زۆری چیرۆکنووسان لەم ناوەندانەدا ڕۆڵیان گێڕاوە.

4-ئەوەی جێگەی بایەخە بەتایبەت کۆچی ژنانی نووسەر بوو بۆ هەندەران و هەڵبژادنی ژیانی تەراوگە، کە ئازادییەکان لەوێدا بەرفراوانتربوون جگەلەمەش لەوێدا شارەزایی باشتریان لەبارەی هونەرەکانی ئەدەب، چیرۆکنووسی و خواستە فیمینیستەکانەوە پەیداکرد. لەوانەی کە ژیانی تەراوگە و ئەزموونی دەرەوەی هێناوەتە نێو چیرۆک و ئەدەبیاتی خۆیانەوە لەوانە (نەجیبە ئەحمەد، مهاباد قەرەداغی، چۆمان هەردی، کازیوە ساڵح، چنوور سەعیدی، ...هتد).

5-زۆربوونی ژمارەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی لەدوای نەوەدەکانەوە، کە دەرفەتێکی زێڕین بوو لەبەردەم چیرۆکنووسان تا چیرۆک و بەرهەمەکانی خۆیان لەچاپ بدەن. کە لە ئێستادا ژمارەی ئەم دەزگایانە زۆر زیادیانکردووە و بەشێکی زۆریان کەم تا زۆر خزمەتیان بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی گەیاندووە.

6-کردنەوەی ڤیستڤاڵی سالآنەی چیرۆک و ئەدەب، لەوانە بنکەی ڕوناکبیری گەلاوێژ، کە سالآنە ڤیستڤاڵی ئەدەبی بەڕێوە دەبات، یاخود ڕۆڵی گرنگی ڤیستڤاڵی چیرۆکی بانە لە ڕۆژهەلآت، و ڤیستڤاڵی حەبیبە خاتوون بۆ شیعر و چیرۆک- ڤیستڤاڵی چیرۆکەڵە و ...، هەموو ئەمانە هەنگاوی باشیان ناوە بۆ هێنانە پێشێی ژنە چیرۆکنووسانی لاو کە بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن و هەوڵبدەن بەشێوازی هونەری بەرز چیرۆکەکانیان بنووسن، تا بتوانن ڕەزامەندی ئەندامانی دەستەی هەڵسەنگاندن بەدەست بهێنن و خەلآتی ئەدەبی ببەنەوە.

**تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی ژنانی کوردی ئەم قۆناغەدا:**

1--گەورەترین دەسکەوتی ژنانی چیرۆکنووس لەدوای سالآنی نەوەدەوە سەرهەڵدانی (ژنانەنووسی)بوو لەچیرۆکی کوردیدا، کە لەقۆناغەکانی پێشوودا زیاتر زمانی پیاوانی بەسەردا زاڵبوو، لەچیرۆکی ئەم قۆناغەدا ژنان هەوڵیانداوە بە زمانێکی نەرم و شیرینی ژنانە چیرۆکەکانیان بنووسن؛ هەروەها هەڵبژاردنی کەسایەتی چیرۆکەکانیشیان زیاتر لە ڕەگەزی مێینەبن، سەرەڕای ئەوەی کە کێشە و گرفتەکانی بەردەم مێینە و ژنبوونیان کردووە بە بابەت و ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان، ئامراز و کەرەسەکانی ژنانیشیان هێناوەتە ناو چیرۆکەکانیانەوە.

2-ئاشنابوونی ژنە چیرۆکنووسان بە بیری فیمینیستی ئەوروپایی؛ بەجۆریک کەم لە چیرۆکنووسان هەیە لەبارەی فیمینیستەوە کتێبێک، یا لانی کەم وتارێکی بڵاونەکردبێتەوە، ئەوە سەرەڕای شارەزایی پەیداکردن لەبارەی ئەدەبیاتی فیمینیستی و ڕەخنەی فیمینیستی و هەوڵدان بۆ هەڵگرتنی شوێنپێی چیرۆکنووس و نووسەرانی گەورەی فیمینیستی جیهانی. کاریگەربوونیان بە پێشڕەوانی فیمینیستی وایکردبوو کە (پەری کەریمی نیا) کۆچیرۆکێکی خۆی بەناونیشانی (کێ لە من و ڤێرجینیا وۆڵف دەترسێ) لە 2015 لە 11 چیرۆکدا بڵاوبکاتەوە.

3-خاڵێکی دیکە کە ئەم قۆناغە جیادەکاتەوە، دەستبردنبوو بۆ کۆمەڵێک بابەتی ژنانە کە پێشتر قسەکردن لەبارەیانەوە تابوو بوو، لەوانە ڕەنگدانەوەی جەستەی ژنانە و باسکردنی ئارەزووە تایبەتییەکانی ئەوان و ڕەنگدانەوەی بابەتی ئیرۆتیکی بۆ ناو چیرۆکەکان*.

**3-سەرهەڵدانی چیرۆک لای ژنان لەئەدەبی فارسیدا:**

کاتێک قسە دێتە سەر ئەدەبیاتی فارسی، واتە قسەکردن لەسەر ئەدەبێک، کە ژمارەیەکی زۆر لە شاکار و شاعیری ناوداری جیهانی لەخۆگرتووە. کە خۆی لەشیعر دەبینێتەوە، هەرچی ژانری گێڕانەوەیە (چیرۆک-ڕۆمان) لەم ئەدەبیاتەدا زۆر درەنگتر سەریهەڵداوە و لەپاڵیشیدا ئەدەبیاتێکی پیاوسالارە و هەر لەسەرهەڵدانیەوە، تا سەدەی بیست ژنان کەمترین ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، کە ژمارەیان لەچاو نووسەرانی پیاو هێندە کەمە لە ژمارەی دەست تێپەرناکات. ئەگەرچی سیمای ژن لە ئەدەبەکەدا بەشێوەی خەیاڵی و دوور لەڕاستی ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە؛ بەڵام ئەمە تێڕوانینی نێرینەیە، وێنای خەیاڵی زهن و مێشکی پیاوە؛ نەک ئەو ژنە بەرجەستەیەی کە لەکۆمەڵگەی ئێرانیدا بوونی هەیە، کەواتە ئەم ژنەی لە ئەدەبەکەدا نیشاندراوە بوونێکی خەیاڵییە و زیاتر لەوێنای فریشتە و حۆری، یاخود ژنێکە ئاشقە، دڵدارە و جوانە... ئەمەش ڕوویەکی دیکەی ئەدەبەکەیە بۆ ژن کەتێڕوانینێکی پیاوسالارانەیە(توکلی،1382،ص47-51). بۆیە ئەم ئەدەبیاتەش وەک ئەدەبیاتی کلاسیکی هەر میللەتێکی دیکە ڕەگەزی نێرینە تێیدا باڵادەست بووە، بۆیە ژن لە ئەدەبیاتی کۆنی فارسیدا، چ وەک شاعیر و نووسەر، چ وەک ڕەنگدانەوەیەکی واقعیانە لە ئەدەبەکەدا لە پەراوێزدا ماوەتەوە.

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بۆ گەلانی ئێران سەردەمێکی تازەبوو بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بزوتنەوەی مەشروتە بەدوای خۆیداهێنای، کە گۆڕانێکی گەورەی لەسەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری...تەنانەت ئەدەبیشی گرتەوە، لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا ئەدەبیاتێکی تازە سەرهەڵدەدات، بە ئەدەبی چینی بورژوا (ناوەند) دەناسێنرێت، کاریگەربووە بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا، پرژاوەتە سەر زۆرترین کێشە و بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگرتن بووە لەدەسەلات و دیکتاتۆریەت، هەروەها ڕەتکردنەوەی خورافیات و خورافیات پەرستی بوو، هەر زوو شوێن بە ئەدەبیاتی سوڵتە (اشرافی) لەقدەکات و شێوە و بابەتی تازەی ئەدەبی و کەسایەتی تازە پێدەنێنە مەیدانی ئەدەبەوە(میرعابدینی،1380،ص16)، لەوێوە چیرۆکی هونەری بۆ یەکەمین جار لەئەدەبی فارسیدا سەرهەڵدەدات، لەگەڵ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی (یکی بود یکی نبود) لەنووسینی (محمد علی جمالزادە) بەم کۆمەڵە چیرۆکەی کە 6 چیرۆکی کورتی لەخۆگرتووە قۆناغێکی تازە لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەهێنێتە ئاراوە(مشتاق مهر-قرەبابا،1388،ص136)، بەمەش سەرهەڵدانی ژانری چیرۆک لەم قۆناغەدا یەکێکی دیکەیە لەو دەسکەوتەکانی بزوتنەوەکە.

وەک چۆن چیرۆکی هونەری فارس پەیوەستە بەسەردەمی مەشروتەوە، بەهەمان شێوە ئەم بزوتنەوەیە هەر لە سەرهەڵدانیەوە یەکێک لە خواستە گەورەکانی بە دیهێنانی مافی یەکسانی بوو لەنێوان هەر دوو ڕەگەزدا، ڕێگەخۆشکەربوو لەبەردەم هاتنەپێشەوەی ڕەگەزی مێینەبوو بۆناو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێران.

لەوێوە چیرۆکی ژنانی فارس هەنگاوی گەورە دەهاوێت و سەرەتاکانی چیرۆکی ژنان دەستپێدەکات بە چیرۆکەکانی (سیمین دانشور) چەند قۆناغێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە بە بۆچوونی (حسن میرعابدینی) لێکۆڵەر و ڕەخنەگری ئەدەبیاتی فارسی؛ چیرۆکی ژنانی فارسی بەپێی خاسیەت و بنەماکانی چیرۆک بۆسەر سێ قۆناغ دابەشکردووە، ئەوانیش: قۆناغی سەرەتا و دەسپێک(1930-1961)، قۆناغی درێژەدان (1970-1990)، سەردەمێکی تازە(1991 بەدواوە) بەبۆچوونی ئەو "لە ساڵی 1930 لەگەڵ دەرچوونی یەکەم کتێبی چیرۆکی ژنان تاساڵی 2000 ژمارەی نوسەرانی ژن گەیشتووە بە 510 نووسەر" (میرعابدینی،1401،ص13) بێگومان لەم ڕێژە زۆرەیە بەشێکی زۆریان بەتەواوی چیرۆکنووس بوون و چیرۆکی کورت و درێژیان نووسیوە، هەندێکیشیان لەپاڵ نووسینی ڕۆمان و شانۆنامە چیرۆکیشیان بڵاوکردۆتەوە.

**3-1قۆناغی: سەرەتا و دەسپێک: (1930-1969)**

ئەم قۆناغە لەساڵی 1930 دەستپێدەکات، کە هاوکاتە لەگەل بڵاوبوونەوەی یەکەمین چیرۆکی فارسی بەخامەی ژنێک "بەپێی لێکۆڵینەوەی ئاماری ورد، تا ساڵی 1941، کە بواری چیرۆکنووسی ئێران لەساڵەکانی سەرەتای خۆیدابوو لە کۆی 80نووسەری پیاو لەبواری نووسینی ئەدەبی، تەنها 2نووسەری ژن بەرهەمی چیرۆکی خۆیان بەشێوەی کتێب چاپکردووە" (میرعابدینی،1401،ص15) ئەوانیش (ایران دوخت تیمورتاش) چیرۆکی (دختر تیرە بخت و جوان بلهوس 1930) بڵاودەکاتەوە،

* بگەڕیوە بۆ ئەو چیرۆکانەی کە پێشتر خراونەتەڕوو.

هەروەها (زهرا خانلری)یش دوو بەرهەمی خۆی بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانەکانی (پروین و پرویز 1933) و (ژاله یا رهبر دوشیزگان 1936) لەچاپ دەدات"(محسین زاده و دیگرا،1391،ص202). ئەمان وەک یەکەم چیرۆکنووسانی ژنی سەرەتای چیرۆکنووسی ژنانی ئێران ناوی خۆیان تۆمارکرد. لەساڵی 1930 تا 1948 وەک دوو چیرۆکنووسی تاقانەی نێو ئەدەبیاتی ژنانەی لە مەیدانەکەدابوون.

لەساڵی 1948 ژنە چیرۆکنووسێکی دیکە پێدەنێتە بواری چیرۆکنووسی ئەویش "سیمین دانشور"ـە بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین کۆمەڵەچیرۆکی خۆی بەناونیشانی (آتش خاموش) کە 16 چیرۆکی کورت لەخۆدەگرێت، بەناونیشانەکانی: "اشک ها، آتش خاموش، يادداشت های یک خانم آلمانی، ...هتد"(دانشور،1327،ص1-166) ئەو لە چیرۆکەکانیدا درەوشانەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدی، لەسەردەمی خۆیدا نەیتوانیوە خوێنەرێکی ئەوتۆ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لەبەرئەوەی سەرەتا و ئەزموونی یەکەمی نووسینی بوو و شارەزایی ئەوتۆی هونەرەکانی نووسین نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو چیرۆکەکانی (ایران دوخت و خانلری) گۆڕانێکی ئەوتۆی خستە نێو چیرۆکی ژنانی وڵاتەکەی بەجۆرێک ناوی خۆی بردە ڕێزی پێشەوەی نووسەرانی ژنی ئێران. "بوێری سیمین، هێزی ئەوەی بە ژنانی دیکەدا کە قەڵەم بگرنە دەست و لەدونیای دەرەوە و ناوەوەی خۆیان بنووسن، بەم شێوەیە گیانێکی تازەی بەلاشەی بێگیانی ئەدەبیاتی ژنانەی ئێران بەخشی"(محسنی،1384،ص57)، لەگەڵیشیدا دەبێت ئاماژە بەوەبکرێت ئەوەی وایکرد سیمین لەو پێگەیەدا دەربکەوێت بوونی خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و ئاستی باڵابوو؛ بەتایبەت دوای ئەوەی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ چیرۆکنووس (جلال آل احمد) پێکهینا ئیتر دەرفەتی زیاتر لەبەردەمیدا ڕەخسا.

لەدوای کۆمەڵە چیرۆکی آتش خاموش تا ساڵی 1966 بۆماوەی 18 ساڵ چەند بەرهەمێک لەلایەن ژنانی دیکەوە نووسراون، کە "بەهای ئەدەبی ئەوتۆیان نییە، تەنیا لەڕووی مێژوویی و دەسپێکی چیرۆکنووسی ژنان جێگەی بایەخن، ئەم بەرهەمانە ئەگەرچی بە قەڵەمی نووسەرانی ژن تۆمارکراون بەڵام نیشانەی ژنانەنووسیان تێدا دەرنەکەوتووە"(محسین زادە،1391،ص203). بەبۆچوونی (حسن میرعابدینی) لە کتێبی (دختران شهرزاد-زنان نویسنده ایرانی) ئاماژەی بەچەند نووسەرێکی دیکەی ژن دەکات لەدوای سیمین دانشور چیرۆکیان نووسیوە، لەوانە: (بهمین دخت دارایی، مریم ساوجی، مهین توللی)(میرعابدینی،1401،ص16-17). کەواتە لەساڵی 1930 تا 1960 لەماوەی 30ساڵدا بەم چەند چیرۆکنووسە کە ژمارەیان لەپەنجەی دەست تێپەرناکات یەکەمین قۆناغ و دەسپێکی چیرۆکی ژنان لە ئەدەبیاتی فارسیدا دەنووسنەوە.

دەرکەوتنی چیرۆک لەلایەن ژنانەوە لەم قۆناغەدا بۆچەند خاڵێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

1-خوێندنەوە و نووسین، وەک یەکەم هەنگاوی بەر لەنووسینی چیرۆک، ژنان لەدوای مەشروتە بەشێکیان دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخسا و دەرگای قوتابخانەیان بەڕوودا کرایەوە،

2-ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان، ئەمەش یەکێکی دیکەبوو لە گەشەی بەردەم چیرۆکنووسی ژنان لە ئێراندا، لەوانە یەکەمین بڵاوکراوەی ژنانە (دانش) لە ساڵی 1949کە بەشێوەی هەفتانە لە چاپدەدرا، زیاتر دەپرژایە سەر بابەتی ماڵداری و خوێندنی ژنان و بابەتی خانمان.

ئەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا دەخرانەڕوو:

-بارودۆخی ناهەمواری ژنان لە ماڵ و خانەوادەدا.

-بابەتی خوێندن و خوێندەواری ژنان.

-هەواڵی بەرەوپێشچوونی ژنان لەوڵاتانی دیکەی جیهان.

-دامەزراندنی قوتابخانەی کچان.

-گرنگیدان بە تەندروستی خێزان و پاراستنی ژنان و منداڵان(اتحادیه،1381،ص27).

-بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسینی ژنان.

3-گرووپی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان: ئەویش یەکێکی دیکەبوو لەبەردەم گەشەی ئەدەبیاتی ژنان، بەشداریکردنی ژنان و ئاڵوگۆڕی فیکری و ڕۆشنبیری لەنێو ژنانی خوێندەوار گەشەی زۆری بە چیرۆکی ژنان دا. لەنێو ئەم گروپە سیاسیانەدا دەکرێت ئاماژە بە: (انجمن آزادی ژنان، انجمن مخدرات وطن، اتحادیه غیبی نسوان و کمیته زنان ...)بکرێت(محمدیان،1402،ص135).

4-خاڵێکی دیکە ئەوەبوو کە "ژمارەیەک لە ژنانی بنەماڵە لەڕووی (دارایی-ڕۆشنبیری)یەوە شەنسی نووسینیان هەبوو لەنێو ئەواندا دەتوانین ئاماژە بە (فاطمه سیاح-لە ڕەخنەی ئەدەبی)، هەروەها (زهرا خانلری و سیمین دانشور-لە نووسینی چیرۆکی

ئەدەبی) بکەین. ئەوان لەنەوەی یەکەمی ژنانی ئێرانی بوون کە دەرفەتی گەیشتن بە خوێندنی باڵایان هەبووە، بەشێک لەوان لەوڵاتانی ئەوروپا درێژەیان بەخوێندن داوە"(فیاض،1385،ص29) ئەم دەرفەتە بە کچان و ژنانی دیکەی ئێران نەڕەخساوە.
بێگومان هەموو ئەمانەش لە دەسکەوتەکانی بزوتنەوەی مەشروتەخوازی هەژماردەکرێن، کە تا بەر لەو قۆناغە ژنانی لەسەرجەم مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشکرابوون.
گرینگترین تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکە:
1-ژنانی نووسەر لەم قۆناغەدا لەژێر کاریگەری نووسینی پیاواندابوون، هەتا لەخستنەڕووی ژیانی خۆشیان، نیگەرانیەکانیان و تایبەتیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆشیان تێڕوانینێکی پیاوانەیان هەبوو؛ تەنانەت بەشێکیان ناوی خۆیان لەژێر چیرۆک و بەرهەمەکانیان نەدەنووسی، تا خوێنەر گومان بکات نووسەرەکەی پیاوە(محمدیان،1402،ص138)، ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە تا ئەو کاتەش ژنانی نووسەر لەسەرەتا دان، تیڕوانینێکی ژنانەیان بۆ ژیان و ژنبوونی خۆیان لە چیرۆکەکانیاندا نییە،
2-لەڕووی تەکنیک و هونەری نووسینەوە بەرهەمەکان بەرچاونین، بەڵکو "ئەم چیرۆکانە زیاتر لەڕووی مێژوویی و زەمینەسازی نووسینی چیرۆکی ژنان گرنگن، ئەگەرنا چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە بەرهەمی داهێنەرانەیان نەنووسیوە"(میرعابدینی،1401،ص20)، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیادچێت کە هەوڵ و ماندبوونی ئەوان؛ بوو بە هەوێنی نووسینی چەندین کۆمەڵە بەرهەمی بەپێز و هاتنەپێشەوەی چەندین نووسەری دیکەی ژن لە قۆناغەکانی دواتردا.
3-لەڕووی ناوەڕۆک و پەیامی چیرۆکەکانەوە زیاتر ڕووبەڕووبوونەوەیە بەرامبەر بیری پیاوسالاری و دژایەتی بەرامبەر نەریتی کۆنەپەرستی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی بیری کۆنی پیاوان بەرامبەر بە ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا.
4-نووسەرانی ژن لە بنەماڵە باڵاکان و چینی سەرەوەی کۆمەڵگەن، هیچ نووسەرێکی چینی ناوەند لەم قۆناغەدا نابینرێن.

### 3-2قۆناغی درێژەدان: 1961-1990:

ساڵانی شەست بۆ ژنانی ئێرانی سەرەتای ساڵانی خۆشبەختی و ئومێد بوو، کە خوێندن و خوێندەواری لەبەردەم ژنان و کچاندا فەراهەمکرا، قوتابخانەی کچانەی زیاتر کرانەوە، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی پێدان کە گرنگی زیاتر بە خوێندن و نووسین بدەن، ئەگەر لە قۆناغی پێشتر مافی خوێندن و چوونە قوتابخانە تەنیا بۆ کچان و ژنانی بنەماڵە باڵاکان بووبێت؛ ئەوا لەم قۆناغەدا مافی خوێندن لەبەردەم کچانی چینی ناوەندیش واڵاکرا، کە هۆکارێک بوو "ژنانی چینی ناوەندیش ڕووبکەنە دونیای نووسین"(میرعابدینی،1401،ص22)، لەم قۆناغەدا لەپاڵ سیمین دانشور کە لە هەردوو قۆناغەکەدا بەردەوامی هەبوو چەندین چیرۆکنووسی دیکەی ژن دەردەکەون، سیمین کە ڕابەرایەتی چیرۆکنووسانی قۆناغی پێشتری دەکرد لەسەرەتاکانی قۆناغەکەدا دووەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بەناونیشانی (شهری چون بهشت) لەساڵی 1961 لە 10چیرۆکی کورتدا بڵاودەکاتەوە، ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە ناوبانگی زیاتری بە سیمین دا، ئەمەش دوای ئەوەی لە بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی یەکەمی ئەوەندە جێگە بایەخی خوێنەران نەبوو، بەڵام "دوای بەشداریکردنی لەوانەکانی چیرۆکنووسی زانکۆی ئەستنفۆرد و بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی تیۆری، لەڕووی چۆنیەتی و شێوازی چیرۆکنووسی خۆی گۆڕی"(صدری نیا،1389،ص180) ئەم ئەزموون و شارەزاییەی لە تەکنیک و هونەری داڕشتنی چیرۆک کە لە دەرەوە وەریگرتبوو لە چیرۆکەکانی ناو ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بەرجەستەکرابوون.
هاتنە پێشەوەی چیرۆکنووسانی ژن لە چینی ناوەندی کۆمەڵگە، وایکرد ژمارەی نووسەران لەچاو قۆناغی پێشتر زیاتربێت، هەتا "لە دەیەی یەکەمی ئەم قۆناغەدا، کە سەردەمی گەشانەوەی ئەدەبیات و هونەری هاوچەرخە، زیاد لە 27 نووسەری ژن دەست بەکاری نووسین دەکەن"(میرعابدینی،1401،ص22). دیارە لەنێو ئەم 27 نووسەرەدا ژمارەیەکیان بەتایبەت چیرۆکیان نووسیوە و لە گرنگترین ئەو ژنە چیرۆکنووسانەی کە لەم قۆناغەدا لەدوای سیمین دانشور یەکەم بەرهەمی خۆیان نووسیوە، دەکرێت پەنجەی ئاماژە بۆ: (مهشید امیر شاهی) و (گلی تەرەقی) ڕابکێشین، ئەم دوانە سەردەستەی چیرۆکنووسانی ژنی ئێرانن لە دەساڵی یەکەمی قۆناغەکەدا.
مهشید امیر شاهی، لەنێوان ساڵانی 1966 تا سەرەتای حەفتاکان چوار کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاوکردەکاتەوە بەناونیشانەکانی: (کوچه بن بست) 1966، (سار بی بی خانم) 1968، (بعد از روز آخر) 1969، لەگەڵ کۆمەڵە چیرۆکی (به صیغه اول شخص مفرد) لەساڵی 1970. مهشید بە بڵاوکردنەوەی ئەم چیرۆکانە گیانێکی تازە بەبەر چیرۆکی هونەری ژنانی وڵاتەکەیدا دەکات. ئەو یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی کە بە شێوازێکی ڕیالیستی تەنزئامێز بەرهەمەکانی نووسیوە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات

"من بەگشتی نووسینەکانم واقعین و لەبنەڕەتدا پەیرەوکاری قوتابخانەی واقعیەتم-هەمان قوتابخانەی کە فەڕەنسیەکانی وەک زۆلا و بەلزاک و ئەوانی دیکە بنیادیاننا. بەرهەمی سوریالی و سمبولی سەرنجی من بەلای خۆیاندا ڕاناکێشن و لەو شێوە نووسینانە سودوەرناگرم، تەنانەت لە نووسینی کورتە چیرۆکەکانیشم"(امیرشاهی،1375،مقابلە) بۆیە لە نووسینەکانیدا نیگەرانیەکانی ژنانی سەردەمەکەی ڕیالیستانە نیشانداوە.

هەر لەم ماوەیەدا ژنە چیرۆکنوسێکی دیکە لە مەیدانەکەدا دەبینرێت، ئەویش (گلی ترقی 1939) بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی(من هم چە گوارا هستم-1969)، ناوی خۆی لە سەردەستەی چیرۆکنووسانی قۆناغی دووەم دەنەخشێنیت. نووسەر چیرۆکەکانی لەسەر زاری کەسی سێیەم دەگێڕێتەوە، تیایدا کەسێکی نائومێد و ماندو لەژیان دەردەکەوێت، بەجۆرێک نیگەرانیەکانی نووسەر تەواوی چیرۆکەکانی داگیرکردووە. هەر لەپاڵ ئەمان دەستەیەک نووسەری دیکەش دەبینرێن کە لەو ماوەیەدا چیرۆکیان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە ناسراوەکانی سەردەمەکە دەنووسی، لە چەشنی: (خاطرە پروانە، کرشمە ساقی، ژیل سازگار و فریدە گلبو ....)، بەڵام ئەوان وەک امیرشاهی و ترقی چیرۆکنووسیان بە پیشە نەکردبوو.

لەدەیەی 1971 تا 1990 ئەم ماوەیە ئەگەرچی درێژەپێدەری قۆناغی دووەمە، بەڵام لەو ماوەیەدا چیرۆکی ژنانی فارس گەشەیەکی بەرچاوتر لەڕووی تەکنیک و هونەری نووسینەوە بەخۆوە دەبینێت، کۆمەڵێک چیرۆکنووسی تازە دێنە ناو بواری چیرۆکنووسیەوە کە جێگەپەنجەیان لە ئەدەبەکە دیارە شێواز و بنەمای تازە پێشکەش بە چیرۆکنووسی ژنانی ئێران دەکەن، ئەو ماوەیە کە 20ساڵ دەخایەنێت، "لە هەر دەساڵێکدا 28نووسەری ژن دەستیان بەنووسین کردووە"(محمدیان،1402،ص140).لە گرنگترین ئەو چیرۆکنووسانەی لە دەیەی حەفتا چیرۆکیان نووسیوە (شهرنوش پارسی پور1945) لەساڵی 1956 کۆمەڵە چیرۆکی (آویزەهای بلور) بڵاودەکاتەوە، ئەو "لە بەرهەمەکانیدا پرژاوەتە سەر پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان و سستمی پیاوسالاری، کە پانتایەکی فراوانی بەرهەمەکانی داگیرکردووە، لە نەریتی کۆمەڵایەتی مەزهەبی بێزارە"(مونسیان،1392،ص277). ساڵێک دوای ئەو بەرهەمە، کۆمەڵە چیرۆکی دووەمی خۆی بەناونیشانی (تجروبەهای آزاد) لەچاپدەدات. کە لەو سەردەمەدا بە ژنانەترین بەرهەمی ئەدەبی دادەنرێت کە تا ئەو سەردەمە لەچاپ درابێت.

لەدوای شهرنوش پارسی پور، ژنە نووسەرێکی دیکە لەم ماوەیەدا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاودەکاتەوە، ئەویش (غزالە علیزادە 1948)یە، لەساڵی 1977 کۆمەڵە چیرۆکی (سفر ناگذشتنی) بڵاودەکاتەوە، "غزالە لە بەرهەمەکانیدا بە زمانێکی سادە و دەربڕینێکی ڕەوان، هەستی ژنانە و گێڕانەوەی ژیانی ژنانی خستووەتەڕوو"(رضویان-زراع،1402،ص91)، هەر لەم ماوەیەدا سیمین دانشور بە بڵاوکردنەوەی سێیەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی (بە کی سلام منم؟) لەساڵی 1980 لە 10 چیرۆکدا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە گۆڕەپانی چیرۆکنووسی، "کە چوار چیرۆکی سەرەتای ئەم کۆمەڵە چیرۆکە پێشتر لە (بلاوکراوەی الفبا) بڵاوکراوەتەوە لەنێوان ساڵانی 1973-1975"(دانشور،1380،ص9) ئەو وەکوو پێشەوا و درێژەپێدەری ڕەوتی چیرۆکنووسی ژنانی ئێران "ڕەنگە لەنێو کۆمەڵە چیرۆکە کورتەکانیدا، کۆمەڵە چیرۆکی (بە کی سلام کنم؟) لە هەمووان شایستەتر بێت بە ناوەڕۆکێکی ڕەخنەگرانە لە ڕووداوی کۆمەڵایەتی و زۆرداری دەسەڵات بەرامبەر کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە"(تقی زادە،1386،ص49)دەخاتە بەرباس، ئەمانە لە باشترین ژنە چیرۆکنووسانی ماوەی نێوان 1970 تا 1980 بوون.

دەساڵی کۆتایی ئەم قۆناغە (1980 بۆ 1990) بەهۆی گۆڕانکارییەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی 1979 بەدواوە ناوەڕۆک و سیمای چیرۆکی ژنان لەئێران گۆڕان بەخۆوە دەبینێت، لە گرنگترین ئەو قەڵەمانەی لەم ماوەیەدا دەردەکەون کە بەشێوەیەکی هونەری بەرز چیرۆکیان نووسیوە، لەوانە: (فرخندە آقایی 1956) لە کۆمەڵە چیرۆکی (تپەهای سبز) لەساڵی 1987 نائارامی دەروونی ژنان لە دیدێکی ترساو و دوچار بە بارودۆخێکی سامناک دەگێڕێتەوە" (میرعابدینی،1401،ص27)، ئەو وەک یەکەمین ژنە چیرۆکنووسی دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەوڵیداوە بە بیروهۆشێکی تازەوە گەشە بە ڕەوتی چیرۆکنووسی ژنانی ئێران بدات.

(منیرو روانی پور 1954) ئەویش کۆتا نووسەری ژنی ئەم قۆناغە هەژماردەکرێت، لەساڵی 1988 کۆمەڵە چیرۆکی (کنیزو) دەنووسێت و لەنووسینی ئەم چیرۆکانەدا شێوازێکی تازەی نووسین دێنێتە ناو چیرۆکنووسی ژنانی فارس، کە شێوازی (ریالیستی سیحری)یە، کە بەر لەو لە بەرهەمی هیچ ژنەنووسەرێکی دیکەی ئێران نابینرێت، ئەو لەو چیرۆکانەدا "پرژاوەتە سەر کێشەی سۆزداری و بژێوی ژیانی ژنانی هونەرمەند لە کۆمەڵگەی ئەوسای ئێرانی"(فیاض،1385،ص33)، منیرو لەنێو ژنانی نووسەری ئێرانیدا لەدوای (سیمین دانشور-زویا پیرزاد) بەرهەمەکانی بوونەتە جێگەی بایەخی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی

ئەدەبی، "لە 23% لێکۆڵینەوەکان بۆ بەرهەمەکانی ئەو ئەنجام دراون"(مقدمی،1397،ص140).

## گرنگترین تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکە

1-لەم قۆناغەدا لەپاڵ ژنەنووسەرانی چینی باڵای کۆمەڵ، وەک (سیمین دانشور ...)ژنانی چینی ناوەندیش دەستدەکەن بە چیرۆکنووسی، بۆیە ئەگەر قۆناغی پێشتر قۆناغی نووسەرانی چینی باڵابووبێت، ئەوا ئەم قۆناغە ژنانی چینی ناوەندیش دێنە پێشەوە. کە هەڵبەتە "نیشاندەری ئەو گۆڕانکاریانەبووکە لە یاسا و نەریتەکان کرا، سودوەرگرتن لە خوێندنی باڵا، ئاسانکاری ماڵداری، بەدەستخستنی کار، کە ئاسایشی دارایی و کاتی بەتاڵ و خەیاڵی ئاسوودەی بۆ نووسین ڕەخساند"(میرعابدینی،1401،ص22) بۆیە لەم قۆناغەدا ژمارەی چیرۆکنووسانی ژن ڕوو لە زیادبوون دەکەن.

2-بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەم کە نووسەرانی ژن زیاتر شوێنپێی نووسەرانی پیاویان هەڵگرتبوو، ئەوا ئەم قۆناغە "نووسەرانی ژن لە چیرۆکەکانیاندا بە بوێرییەکی زیاترەوە لەبارەی ژنان و کێشەکانی ئەوان دەنووسن، لەوەی کە ژنێک وەک قارەمانی بەرهەمەکانیان هەڵدەبژێرن و وردەکاری ژیانی ئەو بۆ خوێنەران دەخەنەڕوو، لەهیچ سڵیان نەکردۆتەوە" (محسین زادە،1391،ص205)، شهرنووش نموونەی ئەو نووسەرانەیە کە تا سەردەمی ئەو هیچ ژنێک بەو بوێری و ڕاشکاویە نەیتوانیوە چیرۆک بڵاونەکردۆتەوە.

3-بابەتی چیرۆکەکان لەم قۆناغەدا زیاتر دەربارەی ژنانی شکستخواردووی سۆزداری و پەیوەندی خێزان و فریوی دەستی پیاوان و .... لەم قۆناغەدا ژنان زیاتر ڕۆڵی گێڕەرەوە دەبینن و زۆرێک لەوان ململانێی کەسی نیگەرانیەکانی خۆیانیان دەهێننە نێو چیرۆکەکانیانەوە(محمدیان،1402،ص139-140)، بەشێکیش خۆیان لە غوربەت و غەمی دووری دەبیننەوە،

4-لەڕووی تەکنیک و هونەری چیرۆکنووسیەوە گەشەی زۆر بەخۆوە دەبینێت، لەوانە سیمین لەنووسینی چیرۆکەکانی (بە کی سلام کنم؟) لەڕووی هونەرییەوە زیاتر پێش دەکەوێت، جگە لەمە چەند شێوازێکی تازە دێتە نێو چیرۆکنووسی ژنان، لەوانە شێوازی (ریالیستی سیحری) لای منیرو روانی پور، لەنووسینی (کنیزو)دا، هەروەها غزالە علیزادە لە "چیرۆکەکانیدا ڕۆڵی (ژن-ئەفسانە) زیاتر بەرچاودەکەوێت و چیرۆکەکانی خەیاڵی و تێکەڵ بە وەهمن"(هورە-اصفهانی،1396،ص257)، هەر لەم قۆناغەدا شێوازی نووسینی تەنزئامیز لای مهشید امیر شاهی دەردەکەوێت.

5-نووسەرانی ئەم قۆناغە "هەوڵدەدەن، لە بەرهەمەکانیاندا بە یەکسانی نێوان ناسنامەی ژن و پیاوان بگەن، ئەوان بەشێکی زۆریان وەک فیمینیست دەردەکەون و بەرهەمەکانیان ڕەنگدانەوەی ئەم بیرەیە، هەتا بەشێک لەنووسەران کتێب و بەرهەمی وەرگێڕراوی ئەو بوارەیان نووسیوە.

## 3-3سەردەمێکی تازە: 1991 بەدواوە

ئەم قۆناغە لەئەدەبی گێڕانەوەیی ژنانی ئێران، بە قۆناغێکی تازە لەقەڵەم دەدرێت بە بەڵگەی ئەوەی ئەم قۆناغە لەدوو ڕووەوە لەقۆناغی پێش خۆی جیادەبێتەوە؛ یەکێک لەوانە زۆربوونی بێشوماری نووسەرانی ژنە، بەجۆرێک بە تەنیا لە "دەساڵی سەرەتای قۆناغەکە 1991 تا 2000، بە نزیکی 370 نووسەری ژن یەکەمین بەرهەمی خۆیان دەنووسن، کە 13 بەرامبەر نووسەرانی پێشترن" (فیاض،1385،ص33)، بێگومان دەرکەوتنی ئەو ڕێژە زۆرەی نووسەری ژن بێهۆنەبوو، بەڵکو لەو گۆڕانکاریانەوە سەرچاوەی گرت کە لەدوای شۆڕشی ئیسلامی 1979 لە ئێران هاتنەکایەوە، بۆیە "دە ساڵی یەکەم، هەم لەڕووی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، هەمیش لەڕووی ڕەهەندی ئەدەبی قۆناغێکی ڕۆشنە لە مێژووی ژیانی ژنانی ئێرانی، لەبەرئەوەی کە یەکێک لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی دووەمی خورداد (1997/5/25) بەشێوەیەکی گشتی ڕەوتی ڕۆشنبیری دوای شۆڕش، گومانیان هەبوو لە وتاری زۆرینە بەرامبەر بە ژنان و هەوڵدان هەبوو بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سیاسی و ڕۆشنبیری زۆرینە بەسەر کۆمەڵگەوە"(عبداللهیان-اجاق،1385،ص22)، بۆیە سەرەتاکانی ئەم قۆناغە سەردەمی کرانەوەی دەرفەتەکانی بەردەم ژنانبوو.

هەر لەم ماوەیەدا دەکرێت نووسەرانی ژن بەسەر دوو دەستەدا دابەش بکەین، دەستەی یەکەم خودی نووسەرانی ناوەوەی ئێرانن کە لەساڵانی (1990)دەست بەنووسین دەکەن و گەشە بە ئەدەبیاتی ژنانی ئێران دەدەن، لەگەڵ ئەو نووسەرانەی کە پێش قۆناغەکە دەستیان بە کاری چیرۆکنووسی کردبوو؛ لە پاڵیاندا دەستەیەکی دیکە لە چیرۆکنووس دەبینرێن لەڕووە گەشەکانی چیرۆکنووسی قۆناغەکەن؛ کاریگەری تەواویان بەسەر ئەدەبیاتی گێڕانەوەی فارسیدا هەبووە بە بیروتێڕوانینێکی ڕۆژئاوایانەوە دەستیان دایە کاری چیرۆکنووسی، ئەمانە ئەم دەستەیەن کە بە چیرۆکنووسانی "تەراوگە" دەناسرێن، ئەوەی جیایان دەکاتەوە ئەوەیە لە بەرهەمەکانیاندا خاوەن زمانێکی توندی سیاسین و پرسی ژنان و بیری فیمینیستی بەشی زۆری چیرۆکەکانیانی داگیرکردووە، بەشێکیش لە غەمی غوربەت و هەستی نوستالۆژیادا دەسوڕێتەوە، هەڵبەت ئەم دەستەیە لە

نووسەران بەشێکیان هەمان نووسەرانی قۆناغی پێشترن کە دوای شۆڕشی ئیسلامی 1979 بەتەواوەتی ڕوویانکردە هەندەران، لەناویاندا دەکرێت ئاماژە بە: (گلی ترقی، مهشید امیرشاهی و منیرو روانی پور ....) کە بەهۆی نەگونجانی بیری سیاسیان لەئێران ئۆقرەیان نەگرت و وڵاتیان جێهیشت. هەتا کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامی نووسەرانی ژن بە پەنجەی دەست دەژمێردران، بەڵام دوای شۆڕش بەتایبەت دەساڵی 90 بەدواوە "بەجۆرێک کە بوونی ژنان لەنێو نووسەرانی ناوەوەی ئێران یەکجار زۆرن، لەنێو کۆچکردوانی هەندەرانیش ژنە نووسەرێکی زۆر بوونیان هەیە، کە دەنگێکی بوێر و ڕۆشنیان هەیە"(سعیدی،1398،ص138) لەنێو ئەو نووسەرانەشی کە لەدوای نەوەدەوە وڵات جێدەهێڵن دەکرێت ئاماژە بۆ (سودابە اشرفی، مهرنوش مزراعی، شهلا شفیق، فریبا وفی، عذت السادات گوشەگیر ...) بکەین.
بوونی ڕێژەیەکی زۆر لەنووسەر لە سەردەمێکی دیاریکراودا ڕێگەخۆشکەرە لەسەر ئەوەی کە لەنێویاندا نووسەری باش هەڵبکەون و سەرنجی خوێنەر و لێکۆڵەران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن لەنێویاندا "(زویا پیرزاد 1952) ڕوویەکی گەشی ئەو ژنە نووسەرانەیە کە لەسەرەتای قۆناغەکەوە دەردەکەوێت ئەو لە دەساڵی یەکەمی 1991 تا 2000 بە تەنیا سێ کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاودەکاتەوە، بەناونیشانەکانی: (مثل همه عصرها 1991)، (طعم گس خرمالو 1997) و (یک روز مانده به عیدپاک 1998) بە بڵاوکردنەوەی ئەم سێ بەرهەمەی ناوی خۆی دەباتە ڕیزی پێشەوەی چیرۆکنووسانی ژنی قۆناغەکە، بەپێی لێکۆڵینەوەی ئاماری بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمی نووسەرانی ژن، لە دوای (سیمین دانشور)ەوە، زویا پیرزاد بە دووەمین نووسەری ژنی فارس دادەنرێت کە لە 36% توێژینەوەکانی بواری ئەدەبی گێڕانەوەی ژنانی لەسەر ئەنجام دراوە، جگە لەمانەش بەرهەمەکانی بۆ زۆرێک لە زمانە بیانیەکان وەرگێڕدراون، ناوەوەی ئێراندا خاوەنی چەندین خەڵاتی ئەدەبین(مقدمی،1397،ص140).
هەر لەم ماوەیەدا (فریبا وفی 1962) لە دەساڵی یەکەمی قۆناغەکەدا، هەر یەکە لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی (در عمق صحنه 1996)، (حتی وقت می خندیم 1999- 22 چیرۆک) بڵاودەکاتەوە، دواتر ڕوودەکاتە هەندەران و لە وڵاتی ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە، "لە هەموو چیرۆکەکانی فریبا وفی پێنج وشەی (ژن، مێرد، دایک، ماڵ و منداڵ)، زۆرترین جار دووبارەبوونەتەوە؛ ئەم پێنج وشەیە دووبارەیە نیشاندەری نیگەرانی و خەمە سەرەکیەکانی نووسەرن"(جوییاری،1394،ص226)، فریبا لە ئێستادا لەدەستەی نووسەرانی تەراوگە هەژماردەکرێت. (شیوا ارسطویی)یش ژنە چیرۆکنووسێکی دیکەی ئەم قۆناغەیە لەساڵی 1997 یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی (آمدەبودم با دخترم چای بخورم) دەخاتە بەردیدی خوێنەرانی کە 7 چیرۆکی کورت لەخۆ دەگرێت؛ ئەو لە چیرۆکەکانیدا بەوە ناسراوە، کە "گرنگی دەدات بە پرسی ژنبوونی خۆی و ژنانی دیکە و بەرگرییان لێدەکات"(روزبە-طالبی، ؟،ص122). هەر لەڕیزی نووسەرانی بەرچاوی قۆناغەکە دەکرێت پەنجەی ئاماژە بۆ (فریشتە توانگر)یش درێژبکەین کە لە ساڵی 1996 یەکەمین کۆمەڵە بەرهەمی خۆی لەژێر ناوی (همین جا روی زمین) کە 5 چیرۆک لە خۆدەگرێت، لەچاپ دەدات. لەگەڵیاندا (مریم حسینیان) لە کۆتایی 10 ساڵی یەکەمی قۆناغەکە 2000 چیرۆکەکانی (حتی هنوز هم دیر است) لە 22 چیرۆکدا بڵاودەکاتەوە. ئەمانە و چەندین چیرۆکنووسی دیکەی کە لەسەرەتای قۆناغەکەوە دەستیان داوەتە چیرۆکنووسی، لەوانە: (شهلا پروین روح، خاطرە حجازی، فروغ حمیدیان، فریدە خردمند، مهین دانشور، رؤیا شاپوریان، فریبا صدیقیم، ناهید طباطبایی و پوران فرخزاد .....)، دەکرێت بڵێین "دەساڵی یەکەم، دەبێت بە دەساڵی چەسپاندنی شوێنپێی ژنان لەڕەوتی چیرۆکنووسی ژنانی ئێران بزانرێت، بەڵام دەساڵی دواتر 2000-2010 بەشێوەیەکی سەربەخۆ ڕوو لە گەشەسەندن دەکات، بەجۆرێک بە ئاشکرا جیاوازبوو لەنووسینی پیاوان. لەبەرئەوە دەبێت ئەم دەساڵە بەسەرەتای ڕەوتی ژنانەنووسی بزانین"(محسین زادە،1391،ص208). بۆیە ئەگەر لە قۆناغی پێشتر لێرە و لەوێ نووسەرێکی ژن هەوڵیدابێت ژنانە بنووسێت، ئەوا لەساڵانی 2000 نووسەرانی ژنی ئێران لە نووسینی چیرۆکەکانیاندا پەیڕەوی ئەم جۆرە نووسینەیان لەتێڕوانینێکی فێمێنیستییەوە کردووە.
لەماوەی ساڵانی (2000 بۆ 2010) جگەلە نووسەرانی ساڵانی نەوەد، چەندین نووسەری دیکە پێدەنێنە بواری چیرۆکنووسی، ئەوان هەم لەڕووی تەکنیک، ئەزموون و هونەری ئەدەبیەوە شارەزاییەکی زۆریان هەبوو؛ هەمیش ئاگاداری پرس و بابەتە فیمینیستیەکان بوون لەناوەوەی ئێران و جیهانیشدا، هەروەها لەنێو چیرۆکەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، لە گرنگترین ئەو ژنە نووسەرانەی کە بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی ناوبانگی پەیداکرد (میترا الیاتی) بوو، خاوەنی هەردوو کۆمەڵەچیرۆکی (مادمازل کتی و چند داستان دیگر) و (کافە پری دریایی). جگە لەم (نرگس آبیار)یش، بەسێ کۆمەڵە بەرهەمی خۆی پەرە بە ڕەوتی چیرۆکنووسی ژنانی قۆناغەکە دەدات، بەناونیشانەکانی: (قصە زنی کە همەاش یاس های فلسفی داشت)، (نە روز بود، نە شب)

و (اختر و روزهای تلواسه)، (سهلا)ش لەڕیزی ئەم دەستە نووسەرانەیە کە لەسەرەتاکانی 2000 کۆمەڵە چیرۆکی (پارەی کوچک) و (بی بی پیک) لەچاپدەدات. (ناتاشا امیری)یش بە دوو ناونیشان کتێب دێتە ڕیزی نووسەرانی قۆناغەکە. چەندین نووسەری دیکەش کە لەم 10 ساڵەدا یەکەمین بەرهەمی چیرۆکی خۆیانیان بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: (شکوفه آذر، فرشته احمدی، مهوش اغتفاری، پگاه ایرجی، آذر دخت بهرامی، کیتی پورزکی، فریبا حاجی دایی، رکسانا حمیدی، مهین داودی، مهناز رونقی، بلقیس سلیمانی، نوشین سالاری، شیوا کریمی، مرضیه محمدپور، ....)، ئەمانە لەو دەستە نووسەرانەن کە لەم 10 ساڵەدا گۆڕانی گەورەیان بەسەر ڕەوتی چیرۆکنووسی ژنانی فارسیدا هێنا،

ساڵانی 2010 بەدواوە چیرۆکی ژنانی فارس تا ڕادەیەک لەچاو دەساڵی پێشتر سستی بەخۆوە دەبینێت، ئەگەرچی چەندین نووسەری دیکەی وەک: (سپیده شاملو، الهام فلاح، رقیه کبیری، اکرم پدرام نیا و ....) لە گۆرەپانەکەدا دەبینرێن، بەڵام بارودۆخی نالەباری ئێران لەم دوایانەدا وایکردووە ڕەوتی گەشەی ئەدەبی بەگشتی ڕوو لە سستی بکات بەرهەمی چەند ساڵی دوای نووسەرانی ژنی گەنج ئەگەرچی لەڕووی ناوەڕۆک و پەیامی چیرۆکەکانەوە، نووسەرانی ژن لەچاو نووسەرانی پیاو زیاتر قووڵی پێوەدیارە و ئاگایی باشیان هەیە لەوەی کە دەیڵێن و دەینووسن، پرسی ژنبوونی خۆیان بەباشی ئەداکردووە، بەڵام بارگرانی ژیانی ئەم دوایانەی ئێران لە چەشنی :کێشەی دارایی و ئابووری بوونەتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوە، ئەمانە هۆکاری بەردەم گەشەی ڕەوتی چیرۆکنووسی لای ژنانی ئێران دروستکردووە.

**تایبەتمەندییەکانی قۆناغەکە:**

1-سەرهەڵدانی ژنانەنووسی بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئەدەبیاتی ژنانەی ئێران، کە زۆر بەڕوونی لە بەرهەمەکانی (فەریبا وەفی و زویا پیرزاد و ...) دەردەکەوێت(وفی،1385،ص1-92)(پیرزاد،1385،ص3-297)

2-دەرکەوتنی چیرۆکنووسانی تەراوگە و هێنانە ناوەوەی بابەتی غوربەت و نوستالۆژیا و سودوەرگرتن لە زمانێکی ڕەق و زبری سیاسیانە.(عبدالهیان-اجاق،1385،ص143)

3-سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی بەرگری لەلایەن زۆرێک لە نووسەرانی سەر بەڕەوتی دەسەڵاتی ئیسلامی.

4-زۆربوونی ژمارەیەکی بێشوماری چیرۆکنووسی ژن.

5-نووسەران زیاتر پرژاونەتە سەر پرسە گرنگەکانی خۆیان، لەبارەی ناسنامەی ژنبوونی خۆیانەوە ئاگایی باشیان هەبوو.(عبدالهیان-اجاق،1385،ص153)

6-سیمایەکی چیرۆکەکان بەوە جیادەکرێنەوە، کە ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی ژن، هەڵبژاردنی قارەمانی چیرۆک لە خودی ژنان پێکهاتوون، هەروەها گێڕەرەوەی چیرۆکەکان کەسی یەکەمە و ژنە، بابەتیش بابەتی ژنانەیە. ئەمانە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی چیرۆکی ژنانی ئەم قۆناغەن.

## 4-ئەنجام:

توێژینەوەکە لەکۆتاییدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

1-قۆناغی یەکەمی چیرۆکەکان لە هەردوو ئەدەبەکەدا بە لاوازی دەستپێدەکات، لەسەرەتادا نووسەرانی ژن شوێنپێی پیاوانیان هەڵگرتووە، لای بەشێکیشیان تەنانەت لەژێر ناوی پیاوێکەوە چیرۆکیان نووسیوە. بۆیە لەهەردوو ئەدەبەکەدا وەک قۆناغی لاسایکردنەوە دەبینرێت. زیاتر ئەو ژنانەش لەمەیدانەکەدابوونە کە پشتیوانی تەواوی خیزانەکانیان هەبووە و لەچینی باڵابوون. لەقۆناغەکانی دواتردا ژنانی چینی ناوەڕاست دێنە بواری چیرۆکنووسی.

2-لەگشت قۆناغەکاندا ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە بەرەوپێشبردی چیرۆک لای ژنان، دەروازەیەکی گرنگ بوون لەبەردەم ژنان تا چیرۆک و بەرهەمەکانیانی تیادا بڵاوبکەنەوە، بەجۆرێک بەشی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامەکانی قۆناغەکان گۆشەی تایبەتیان هەبووە بۆ ژانری چیرۆک و ژنە چیرۆکنووسانیش کەم و زۆر ڕۆڵی خۆیان تیادا بینیوەتەوە.

3-قۆناغی دووەمی سەرهەڵدانی چیرۆک لای نووسەرانی ژنی فارس گەشەی زیاتری بەخۆوەدیوە وەک لە ژنەچیرۆکنووسانی کورد، چونکە لەساڵانی 1970 بەدواوە لەنێو ئەم ئەدەبەدا لەلایەن ژنەچیرۆکنووس (شهرنوش پارسی پور)ەوە چیرۆکی ژنانە سەرهەڵدەدات، کە بە زمان و تام و بۆیەکی ژنانەوە نووسراون، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە چیرۆکی ژنانەوە لە ئەدەبی کوردیدا درەنگتر سەریهەڵداوە لەدوای ساڵانی نەوەدەوە بەهۆی ئەو ئازادیانەی کە ڕاپەڕین بەدوای خۆیداهێنا، لەگەڵ سەفەری هەندەران لای بەشێک لەچیرۆکنووسان. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ژنانەنووسنی لەهەردوو ئەدەبەکەوە لەدوای ساڵانی (2000)ەوە ڕەنگدەداتەوە.

4-چیرۆکی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان لای هەردوو ئەدەبەکە زیاتر گەڕان بووە بەدوای ناسنامەی ژنبوونەوە. ژنان هەوڵیانداوە خۆیان لەنێو کۆمەڵگەدا بدوزنەوە و شوین و پێگەی خۆیان دیاری بکەن.

5-قۆناغی سێییەم لەهەر دوو ئەدەبەکەدا ژمارەی بێشوماری ژنان هاتوونەتە نێو بواری چیرۆکنووسی، بەڵام هەرچۆنیک بێت بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوانی ئێرانەوە وایکردووە ئەم ڕێژەیە لای فارسەکان زۆر زیاتربێت وەک لەئەدەبی کوردی، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنییە کە چیرۆکەکانی ئەوان بەپێزتر و ژنانەتربووبن؛ بگرە ژنەچیرۆکنووسانی کوردیش لەچیرۆکنووسیدا دەستیان بۆ زۆرشتی قەدەغە بردووە و لەم نێوەندەدا جەنگاون.

## 5- پێشنیارەکان:

توێژەران پێشنیاردەکەن؛ ئاوڕێکی باشتر بدرێتەوە لە بەرهەم و بیری ژنان لەنێو ئەدەبی کوردیدا، بەجۆرێک دیاریکردنی مێژووی نووسین لای ژنان لەپاڵ چیرۆکدا ژانرەکانی دیکەش بگرێتەوە.

## 6-سەرچاوەکان:


-کوردی:

-کتێب:

-بەرزنجی،عومەر مەعروف(1978)لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی1925-1965، چ1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغدا.

-ساڵح،سدیق ...(2016)گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ژیاننامە و پێرست، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی.

-صالح،خالد(2010)کورتە چیرۆکا کوردی ل دەڤەرا بەهدینان1990-2005، چ1، چاپخانە هاوار، دهۆک.

-عارف،حسەین(2011)چیرۆکی هونەریی کوردی 1925-1960،چ1 ،دەزگای ئاراس، هەولێر.

-عەبدوڵڵا،کنیر(2017)بەشداری سیاسی ژنان لەباشووری کوردستان ساڵانی 1991-2016، چ2، چاپخانە سەردەم، سلێمانی.

-غالب،صەباحی(1979)ئافرەت لەچیرۆکی کوردیدا1925-1970، چ1، دار الحرية للطباعة، بغداد.

-کەمال، شیرین(1978)پێش ئەوەی تاریک دابێ، چ1، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.

-نەریمان،مصطفی(1985)ببلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری، بەشی یەکەم، ساڵانی19701974، دار الحرية للطباعة، بغداد.

-گۆڤار:

-امین زکی،سانیحە(1940)شێرەژن، گۆڤاری گەلاوێژ، ساڵ1، ژمارە2.

-حاجی،نفیسە ئیسماعیل(2023)سیمایێن کورتە چیرۆکا ژنێ ل دەڤەرا بەهدینان ل بەر روناهیا فیمینیزمێ، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، بەربەندا 26، ژمارە 2.

-فارسی:

-کتاب:

-پیرزاد،زویا(1385)سە کتاب، چ13، مرکز، تهران.

-دانشور،سیمین(1380)به کی سلام کنم؟، چ5، انتشارات خوارزمی، تهران.

-دانشور،سیمین(1327)آتش خاموش، نشر علمی، چ1، تهران.

-وفی،فریبا(1385)حتی وقتی می خندیم، چ3، مرکز، تهران.

-میرعابدینی،حسن(1401)دختران شهرزاد، زنان نویسنده ایرانی، چ2، نشر چشمه، تهران.

-میرعابدینی،حسن(1380)صد سال داستان نویسیی ایران، جلد1-2، چ2، نشر چشمه، تهران.

-مجله:

-توکلی،تیره(1382)فرهنگ و هویت جنسیتی با نگاهی بر ادبیات ایران، مجله:نامه انسان شناسی، دوره1، شماره3.

-تقی زاده،صفدر(1386)نخستین داستان نویس زن ایرانی، ماه نامەی فرهنگی سیاسی، اجتماعی و ادبی فردوسی، شماره 56-57.

-جوییاری،کلثوم قربانی(1394)بازنمود هویت زنانه در مجموعه داستان حتی وقتی می خندیم-فریبا وفی، بارویکرد تحلیل انتقادی گفتمان فرکلاف، دوفصلنامه زبان و ادبیات فارسی، سال23، شماره79.

-رضویان،حسین-زراع،ندا(1402)سبک زنانه در داستان های کوتاه غزاله علیزاده و مصطفی مستور، نشریه پژوهش های زبانشناسی، سال2، دوره2، شماره1.
-روزبه،محمدرضا-طالبی،مریم(1389)نقد فمینیستی مجموعه داستانهای شیوا ارسطویی، دوفصلنامه تخصصی علوم ادبی.سال3، شماره5.
-سعیدی،مهدی(1399)تبیین جریان شناختی داستان نویسی زنان اییرانی در مهاجر، فصلنامه علمی-پژوهشی نقد ادبی، سال13، شماره49.
-صدری نیا،دکتر باقر ...(1389)بررسی سیر تحویل شیوەهای روایت و زاویەی دید در داستان های کوتاه سیمین دانشور، مجله بوستان ادب، دوره2، شماره3.
-عبداللهیان،حمید-اجاق،زهرا(1385)نقش جریان های هویت ساز روشنفکری در توسیعەی حوزەی عمومی ایرانی: تیپولۆژی روشنفکران: فصلنامه مطالعات ملی، شماره28.
-فیاض،ابراهیم-رهبری،زهره(1385)صدای زنانه در ادبیات معاصر ایران، پژوهش زنان، دوره4، شماره4.
-محسنی،مینو(1384)سیمین دانشور اولین و برجستەترین نویسنده زن در پهنه ادب فارسی، فصلنامه گزارش، شماره 163.
-محسین زاده،غلا ...(1391)سیر ادبیات زنان در ایران از ابتدای مشروطه تا پایان دهەی هشتاد،
-محمدیان،حسین-سراج،سیدعلی(1402)پشگامان داستان نویسی زنانه در ادبیات فارسی و عربی(با تأکید بر داستان نویسان زن در قرن نوزدهم، کاوش نامه ادبیات تطبیقی، دوره13، شماره3.
-مقدمی،مریم ...(1397)نقد و بررسی پژوهشهای ادبی زن محور، فصلنامه پژوهشهای ادبی، سال15، شماره61.
-مونسیان،فرزانه ....(1392)،اسطورەهای زن محور، مشخصەای سبکی در آثار پارسی پور، گلی ترقی و غزاله علیزاده، فصلنامه تخصصی سبک شناسی نظم و نثر فارسی، سال6، شماره3.
-مشتاق مهر،رحمان-قرەبابا،سعید کریمی(1387)روایت داستان های کوتاه محمد علی جمال زاده، مجله:زبان و ادب فارسی/ نشریه دانشگده ادبیات و علوم انسانی/شماره207،سال51.
-هوره،مریم-اصفهانی،سپیده ماندانا(1396)مقایسه سیمای زن در داستان های کوتاه شاخص (گلی ترقی و غزاله علیزاده)، فصلنامه بهارستان سخن، سال14، شماره37.

**-مقابله:**

-اتحادیه،دکتر منصوره ...(1387)تاریخ نگاری زنان، کتاب ماه تاریخ و جغرافیا، کفتگو.
-امیرشاهی،مهشید(1375)،مصاحبه با کیهان به مناسبت انتشار درسفر 20 اردبهست، مقابله.
-خورشیدفر،امیرحسین ...(1394)آثار زنان قصه نویس در دهه 90، سەشنبه 12 خرداد، ساعت9:11 ،مقابله

**The Development of Story Writing among Kurdish and Persian Women Writers**

**Ranjdar Azad Azeez**
Department of Kurdish Language, College of Eduction
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ranjdar.azeez@su.edu.krd

**Hemdad Hussein Bakir**
Department of Kurdish Language, College of Eduction
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hemdad.bakir@su.edu.krd

**Abstract**
The present study is historical-comparative research entitled "The Development of Short Story Writing among Kurdish and Persian Women Writers," tracing the evolution from its early emergence to its development and advancement. The study is divided into three sections. The first section presents an introduction that encompasses the significance, objectives, problems, and methodology of the research. The second section is dedicated to the stages of short story emergence by women writers in Kurdish literature, which are examined through the phases of initiation, development, and advancement; the characteristics and features of each stage are detailed, and reference is made to the story writers of each respective phase. As for the second part of the study, the developmental stages of Persian womens short stories are similarly identified; they are categorized across th ree phases: "initiation and continuation, and the contemporary era," with the characteristics and features of each stage determined, and the leading figures and pioneers of women short story writers in each phase are referenced. Throughout the research process, relying on the historical-comparative method, the developmental stages of short stories in both Kurdish and Persian literatures have been analyzed; it emerges that the nature of short story development in both literatures shares significant commonalities due to regional and cultural proximity. Among these similarities, the initiation of womens short story writing in both literatures followed in the footsteps of mens writing and is termed the imitation phase. In the second stage, they increasingly sought t heir feminine identity, while the third stage represents the phase of advancement and the emergence of feminine writing in both literatures.

**Keywords:** Development, Story, Women, Kurdish, Persian

**تطور القصة عند كاتبات القصة الكوردية والفارسية**

**رەنجدەر ازاد عزيز**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين–أربيل,
إقليم كوردستان,العراق
ranjdar.azeez@su.edu.krd

**هيمداد حسين بكر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة صلاح الدين–
أربيل,إقليم كوردستان,العراق
hemdad.bakir@su.edu.krd

**الملخص**
هذا البحث الموسوم ب(تطور القصة عند كاتبات القصة الكوردية والفارسية)، وهي دراسة تاريخية مقارنة للقصةمنذ ظهورها وتطورها واكتمالها.والبحث موزع على ثلاثة فصول، في الفصل الاول تمت فية كتابة مقدمة وفيها أهمية البحث وأهدافه واشكالاته ومنهج البحث. وخصص الفصل الثاني لمراحل ظهور القصة من قبل المرأة الكوردية في الادب الكوردى، وهذه المراحل هي (البدايات، التطور والنضوج)، وقام الباحث بتسليط الضوء على سمات وخصائص كل مرحلة من هذه المراحل، وتمت فيه الإشارة إلى كاتبات القصة بدقة.وفي الفصل الثالث تمت دراسة مراحل تطور وازدهار كاتبات القصة الفارسية وضمن المراحل الثلاث (البدايات والتطور والنضوج)، وتم فيها التطرق الى ابرز سمات وخصائص هذه المراحل، وتمت الإشارة إلى رائدات القصة في الادبين الكوردى والفارسي وتحليل قصصهم، وتم التوصل الى نتيجة مفادها التقارب الواضح بين القصتين بسبب الحدود المشتركة والتلاقح الكبير والواضح بين ثقافتي الشعبين وقربهما من بعض،كما ان كاتبات القصة في الادبين حذت حذو كتاب القصة الرجال وقمن بتقليدهم، وفي المرحلة الثانية قمن بالبحث في الهوية النسوية في قصصهن، وفي المرحلة الثالثة تتجلى السمات النسوية في الادبين بوضوح.

**الكلمات المفتاحية:** التطور ،القصة،المرأة،الكورد،الفارس